زانستنامەی فەلسەفە



وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

جیابوونەوە

نووسەر: ئالێن بیوکانان و ئێلیزابێت لێڤینسۆن

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری

بیوکانان، ئالێن؛ لێڤینسۆن، ئێلیزابێت. «جیابوونەوە». *زانستنامەی فەلسەفە* (بەهاری ۲۰۲۳). ئەروەند سالاری (وەرگێڕ). بەستەر = <https://zanistname.com/ck/entries/secession/>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

Buchanan, Allen and Elizabeth Levinson, “Secession”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2021 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2021/entries/secession/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری

سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

جیابوونەوە

ئالێن بیوکانان و ئێلیزابێت لێڤینسۆن

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

تا ئەم دواییانەش جیابوونەوە بابەتێک بوو کە فەیلەسووفان پشتگوێیان خستبوو و گوێیان پێ نەدەدا. دوو فاکتەر لەوانەیە شـــیی بکەنەوە کە چما فەیلەسووفان ئێستاکە دەستیان کردووە بەوەی سەرنج بخەنە ســـەر جیابوونەوە. یەکەم، لە چەند دەیەی ڕابردوودا، نەتەنێ هەژماری هەوڵەکان بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو هەژماری مەلەفە ســـەرکەوتووەکانی جیابوونەوە بە ڕادەیەکی زۆر بەرز بووەتەوە، و ئاساییە فەیلەسووفان کاردانەوەیان بۆ ئەم ڕاستییە نوێیە هەبێت و هەوڵ بدەن تێگەیشنێکی نۆرماتیڤی لێ چێ بکەن. هۆکارەکانی زۆربوونـــی هەوڵەکان بۆ جیابوونەوە ئالۆزن، وەلێ دوو گۆڕانکاری لەم دواییانەدا ڕوویان داوە کە دیمەن و داهاتووی کەرتکردنی دەوڵەت گەشـــاوەتر و هیوابەخشتر دەکات: پێشکەوتن و باشتربوونی ئاسایشی نەتەوەیی و ئازادکردنی بازرگانی. هەر کە مەترســـیی لکاندنی زۆرەملێ و کۆســـپەکانی بەردەم بازرگانی کەم دەبنەوە، ئەگەری ســـەرهەڵدانی دەوڵەتگەلی بچووکتر بەهێزتر دەبێت و بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەرێمەکانی ناوخۆی دەوڵەتەکان زۆرتر ڕێی تێ دەچێت. دووەم، کەم تا زۆر هەر لەو ســـەروبەندەدا، ئەو ئایدیایە هاتووەتە ئاراوە کە گەیشتن بە فۆرمگەلێک لە خۆبەڕێوەبەری بۆ گرووپگەلێک کە ئێستاکە بەشێکن لە دەوڵەت ئارگیومێنت و هۆیەکی بەهێزی لەپشتە. کاتێک بمانهەوێت بابەتی مافگەلی تایبەتی گرووپـــی بۆ کەمایەتیـــەکان بە هەند وەربگرین و بایەخـــی پێ بدەین –بەتایبەتی گەر ئـــەو مافانە مافی خۆبەڕێوەبەری بگرێتەوە– ئەستەمە خۆمان لەو پرسیارە بدزینەوە کە ئاخۆ هەندێ لەو گرووپگەلە دەشێ ماف و ڕێگەی سەربەخۆیی تەواویان هەبێت؟

- ۱. پرسگرێکە فەلسەفییەکانی جیابوونەوە
  - ۱.۱. جیاوازیی نێوان پاساوێک (ی پەتی) و هەبوونی داوا-مافێک

- ۲.۱. تیۆریزەکردنی دەستووری سەبارەت بە جیابوونەوە
- ۲. بیردۆزەکانی مافی جیابوونەوە
  - ۱.۲. بیردۆزگەلی بەس مافی چارەسەری
  - ۲.۲. بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر
  - ۳.۲. بیردۆزگەلی ڕەپاڵدەری-تەوەر
  - ٤.۲. گونجاندنی بیردۆزەکانی جیابوونەوە لە چوارچێوەی بیردۆزگەلی خاک و دادپەروەریی سەرزەمینیدا
  - ۵.۲. بەراوردکردنی بیردۆزگەلی دامەزراوەیی بەرتەسک و بیردۆزگەلی دامەزراوەیی بەربڵاو
  - ٦.۲. بەراوردکردنی بیردۆزەکانی جیابوونەوە
- ۳. جیابوونەوە و بیردۆزی شەڕی ڕەوا
- ٤. جیابوونەوە و فەلسەفەی یاسای نێونەتەوەیی
- ۵. دەرەنجام
- ژێدەرەکان
- ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت
- تێبینییەکان

۱. پرسگرێکە فەلسەفییەکانی جیابوونەوە

زانایانی سیاسی، کۆمەڵناسان و ئابووریزانانی سیاسی هەوڵ دەدەن هۆکار و کاریگەرییەکانی بزاڤە جودابیخوازەکان و کاردانەوەی دەوڵەتان بەو بزاڤانە ڕاڤە و شی بکەنەوە. فەیلەسووفان سەرنجی خۆیان لەسەر پرسگرێکە ئەخلاقییەکان و ڕوونکردنەوەی چوارچێوە تێگەییەکەی بیرکردنەوە سەبارەت بە جیابوونەوە چڕ کردووەتەوە. کارە فەلسەفییەکان لەمەڕ جیابوونەوە دەکرێ بەسەر سێ تاقمدا پۆلێن بکرێن: (۱) هەوڵ بۆ بەڕوونی دیاریکردنی ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدا گرووپێک مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوەی هەیە؛ (۲) تاوتوێی گونجان یان نەگونجانی جیابوونەوە لەگەڵ دەستووربناوەڕی؛ (۳) هەوڵ بۆ دیاریکردنی ئەو هەڵوێستەی کە یاسای نێونەتەوەیی دەبێ لە هەمبەر جیابوونەوە بیگرێتە بەر. بیردۆزە فەلسەفییەکانی جیابوونەوە تا ئێستا لەگەڵ دوو بواری تیۆریزەکردنی نۆرماتیڤ کە ڕاستەوخۆ گرێدراوە

پێیانەوە یەکی نەگرتووەتەوە و ئاوێتە نەبووە. یەکەمیان بیردۆزی شــەڕی ڕەوایە. ئەمە سەرســووڕهێنەرە، چونکە بەشــێک لە پاڵنەری بیرکردنەوەی سیستەماتیک سەبارەت بە جیابوونەوە تێگەیشتن لەو بابەتەیە کــە هەوڵەکان بــۆ جیابوونەوە زۆربــەی کات لە تووندوتیژیی بەرفــرە دەگلێن یاخود خۆیــان بزوێنەری تووندوتیژین. دووەمیان بیردۆزگەلی دادپەروەریی ســەرزەمینییە. ئەمە ژی سەرسامکەرە، چون لە حاڵەتی ئایدیاڵدا بیردۆزی جیابوونەوە دەکەوێتە چوارچێوەی بیردۆزێکی نۆرماتیڤی بەرینتر لە کۆمەڵێک داوای پەیوەندیــدار بە خاک، کە لەوانە وەک یەک لە نموونەکان دەتوانین ئامــاژە بە داواگەلی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی یاسایی سەروەر لە چەشنێک بکەین کە ئێستا بەستراوەتەوە بە بەدەوڵەتبوون.

پێویستە جیابوونەوە لە ڕێگەکانی تر کە تێیاندا دەکرێ «جیایی»یان «کەرتکردنی دەوڵەت» ڕووبدات هەڵاوێرین. لەو حاڵەتەی کە لە تێگەیشتنی کلاسیکدا جیابوونەوەی پێ دەگوترێت، گرووپێک لە بەشێک لــە خاکی دەوڵەتێکدا هەوڵــی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ دەدات؛ جودا ییخــوازان هەوڵی هاتنەدەر دەدەن و لەپاش خۆیان دەوڵەتی ماک لە حاڵەتی بچووککراودا جێ دێڵن. حاڵەتی دووەم جیابوونەوەی گێڕاندنەوەخوازە کە تێیدا هەوڵەکە بۆ چێکردنی دەوڵەتێکی نوێ نییە، بەڵکوو بۆ گێڕاندنەوە و لکاندنەوەی خاکی جیاوەبوو بە دەوڵەتێکی دراوســێیە. ئەمە بەگشــتی کاتێک ڕوو دەدات کە زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەی جیاوەبوو ســەر بە هەمان ئەتنیک-نەتەوەن کە لە دەوڵەتی دراوســێدا زاڵ و سەردەستە. حاڵەتی سێیەم، کە نموونەکەی هەڵوەشــانەوەی چێکۆسلۆڤاکیایە، کاتێک دێتە کایەوە کە سازان و پێکهاتنێک لە نێوان دانیشــتووان یان لانیکەم سەرکردەکانی دوو ناوچە (کە بەیەکەوە گشت خاکی دەوڵەتەکە پێک دێنن) بۆ کەرتکردنــی دەوڵەتەکە بۆ دوو دەوڵەتی نوێ بوونی هەبێت. حاڵەتی چوارەم دابەشــبوونی بە شێوەی دەرەکی داسەپاوی دەوڵەتێک بۆ دوو یان چەند دەوڵەتی نوێیە. لە ڕابردوودا دابەشبوون زۆربەی کات کاتێک ڕووی دەدا کە ســەودا و مامەڵەیەک لە نێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی دراوســێ بە تێچوو و خەساری ئەو دەوڵەتەی دابەش دەبوو دەبەسترا و سەری دەگرت، هەروەک دابەشبوونی پۆڵەندا لە نێوان ئەڵمانیای نازی و یەکێتیی سۆڤیەت. لە ئێستادا، دابەشبوونی بە شێوەی دەرەکی داسەپاو بە ئەگەری زۆر وەک دواییین داڵــدە و ڕێگەچارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ململانێ و ناکۆکیی لەچارەنەهاتوو و بێبڕانەوەی ئەتنیکی-نەتەوەیی ناوخۆی دەوڵەتێکە. لە دریژەی وتارەکەدا، بەزۆری تەرکیز دەخەینە سەر جیابوونەوە لە تێگەیشتنی کلاسیکیدا، وەلێ هاوکات هەندێ سەرنجیش دەدەینە جیابوونەوەی گێڕاندنەوەخواز.

١.١. جیاوازیی نێوان پاساوێک(ی پەتی) و هەبوونی داوا-مافێک

بــە لێک هەڵاواردنی جیابوونەوەی یەکلایەنە یان تەوافوقی دەســت پێ دەکەین. ئەوەی یەکەمیان جیابوونــەوە بەبــێ ڕەزامەندیی ئەو دەوڵەتەیە کە بەشــێک لــە خاکەکەی لە لایــەن گرووپی جیاوەبوو دەبردرێت یاخود بەبێ ڕێگەپێدانی دەســتووڕە. هەبوونی بیردۆزێکی مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە زۆر پێویســتە، نەتەنێ لەبەر ئەوەی جیابوونــەوەی یەکلایەنە زۆرتر لە جیابوونــەوەی تەوافوقی ڕوو دەدات، بەڵکوو چونکە هەم مشتومڕ و کێشەیەکی زۆرتری لەسەرە و هەم ئەگەری ئەوەی زۆرترە کە توندوتیژیی بەرینی لێ بکەوێتەوە.

جیابوونــەوەی تەوافوقی یــان دەرەنجامــی ڕێککەوتنێکی پاش دانوســتانی نێــوان دەوڵەتەکە و جودابیخوازانــە (وەک دۆســیەی جیابوونەوەی نەرویج لە ســوید لە ســاڵی ١٩٠٥دا) یاخود لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دەستووری دێتە ئاراوە (هەروەک دادگای باڵای کەنەدا بەم دواییانە بۆ جیابوونەوەی کێبێک لە داهاتوودا ڕەچاوی کرد).[١] جیابوونەوەی ڕێگەپێدراوی دەســتووری یان بە کەڵکوەرگرتن لە مافێکی ڕاشکاوانەی دەســتووری بۆ جیابوونەوە (کە ئێستاکە تەنێ چەند دەستووڕێکی کەم وەها مافێک لە خۆ دەگرن) یاخود لە ڕێگەی گۆڕین و پیاچوونەوە بە دەستوور دەستەبەر دەبێت.

جیاوازییەکی گرنگی تر لە نێوان پاساودراوبوون بۆ جیابوونەوە بە شێوەی یەکلایەنە و هەبوونی (داوا-) مافێک بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنەیە. هەمووکات ڕوون نییە کە ئاخۆ تیۆریســتێک خەریکی دارشتن و خستنەڕووی بیردۆزێک لەسەر ئەو هەلومەرجانەیە کە تێیدا جیابوونەوە لەڕووی ئەخلاقییەوە پاساودراوە (واتــە ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدا گرووپێــک ئازادی-مافێکی ئەخلاقی یاخود ئیزنی ئەخلاقیی پەتیی بــۆ جیابوونەوە هەیە)، یاخود بیردۆزێک لەمەڕ ئەو هەلومەرجانە کە تێیدا گرووپێک خاوەنی داوا-مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەیە. دوان لەســەر «مافی جیابوونــەوە» زۆربەی کات لە نێوان ئەم بژاردانەدا بە لێڵ و ناڕوونــی دەمێنێتەوە. داوا-ماف نەتەنــێ ئازادی-ماف یاخود ئیزنی پەتی لە خــۆ دەگرێت (بەو واتایە کە لەو تێگەیشــتن و ســۆنگەوە کاتێک گرووپێک پاســاودراوە بۆ جیابوونەوە کە گەر جیا بووەوە، بەو جیابوونــەوەی، جوولّە یا هەوڵێکی ڕێگەپێنەدراو یا یاســاخی نەکردبێت)، بەڵکوو ئەرکێکی هاوبەند و پێکبەســتراو لەسەر لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە کە دەستێوەردان لەو جیابوونەوەیەدا نەکەن کە هەوڵی بۆ دەدرێت و کۆسپی بۆ نەنێنەوە.

جیاوازیی نێوان سەلماندنی ئەوەی کە گرووپێک لەڕووی ئەخلاقییەوە پاساودراوە بۆ جیابوونەوەی

یەکلایەنە (بە تێگەیشتنی هەبوونی ئازادی-ماف) و سەلماندنی ئەوەی کە ئەو گرووپە داوا-مافێکی ئەخلاقیی بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە هەیە گەوهەرییە، گەرچی ئەو جیاوازییە بەدەگمەن لە لایەن ئەو فەیلەسووفانەی لەسەر جیابوونەوە دەنووسن بەڕاشکاوی وێنا کراوە. هەبوونی ئازادی-ماف بە واتای هەبوونی داوا-ماف نییە: دەشێ گرووپێک لەڕووی ئەخلاقییەوە پاساودراوی جیابوونەوە بێت، کەچی دەشێ لە هەمان کاتدا ئەوانی تر (لەوانە ئەو دەوڵەتەی ئەو گرووپە لێی جیا دەبێتەوە) دەروەست بە دوورکەوتنەوە لە دەستێوەردان لە هەوڵی ئەو گرووپە بۆ جیابوونەوە نەبن.

کەواتە، ئارگیومێنتێک کە بۆ بەڵگاندنی ئەوەی گرووپێک لەم و لەو هەلومەرجەدا پاساودراوە کە جیا ببێتەوە دەشێ بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە تەواو نەبێت کە ئەو گرووپە لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا (داوا-) مافێکی بۆ جیابوونەوە هەیە. سەرەڕای ئەمەش، کاتێک فەیلەسووفان بە کەڵکوەرگرتن لە بەرچاوڕوونی سەبارەت بە نموونە گریمانەییەکانی جیابوونەوە، هەوڵ بۆ داڕشتنی بیردۆزێکی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە دەدەن، زۆربەی کات ڕوون نییە کە ئاخۆ دەرەنجامی ئەو بەرچاوڕوونییە سەبارەت بە پاساوهەڵگریی ئەخلاقیی جیابوونەوەیە (ڕێپێدراویی پەتی) یاخود سەبارەت بە هەبوونی داوا-مافێکی ئەخلاقی.

۲.۱. تیۆریزەکردنی دەستووری سەبارەت بە جیابوونەوە

هەندێ لە فەیلەسووفان جیاوازییان لە نێوان ئەم دوو پرسیارەدا داناوە: (۱) گەلۆ گرووپێک داوا-مافێکی ئەخلاقیی بۆ جیابوونەوە هەیە، و گەر بەڵێ، لە چ هەلومەرجێکدا؟ (۲) گەلۆ دەستوورێک دەبێ یان دەشێ بە شێوەیەکی ڕێگەپێدراو مافی جیابوونەوە لەخۆ بگرێت، و گەر بەڵێ، لە چ هەلومەرجێکدا؟ بۆ نموونە، کاس سونستاین لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێت کە جیابوونەوە لەوانەیە هەندێ کات لەڕووی ئەخلاقییەوە پاساوهەڵگر بێت (کە پێدەچێ ئەمە بەو واتایە بێت کە ئەو گرووپە داوا-مافی جیابوونەوەی هەیە)، باس لەمە دەکات کە بەفەرمیناسینی دەستووریی مافی جیابوونەوە لەگەڵ بنەواشەکانی دەستووریاوەڕی (یان لانیکەم دەستووریاوەڕیی دیموکراتی) نەساز و نەگونجاوە[۲] (Sunstein 1991). سونستاین ئاماژە بەوە دەکات کە بنەواشەیەکی بنەڕەتیی دەستووریاوەڕی ئەوەیە کە دامەزراوە سیاسییەکان، لەوانە دەستوور خۆی، دەبێ بە جۆرێک گەڵاڵە بکرێن کە هاوواڵاتییان هان بدەن کە لە پرۆسەی ئەستەمی سیاسەتی دیموکراتی بەشداری بکەن، کە بە واتای کێبەرکێکردن لە بەستێنی گشتی لەسەر بنەمای بنەواشە، بە کەمترین هێزی چەنەلێدانی ستراتیجییە. ئەو لەپاشان، دوابەدوای ئالبێرت ئۆ. هیرشمان (1970)، دەڵێت

گەر دەستوور مافی جیابوونەوە بە فەرمی بناسێت، کەمایەتییە ناڕەزامەندەکان دنە دەدرێن کە بە جیابوونەوە لەو کاتانەدا کە بڕیارەکانی زۆرینە بە دژی خواستە لەپێشینەکانیان بێت یاخود بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشەی جیابوونەوە وەک ئامرازێکی چەنەلێدانی ستراتیجی وەک ڤیتۆیەکی کردەیی بۆ حوکمڕانیی زۆرینە، خۆیان لە پرۆسەی ئەستەمی سیاسەتی دیموکراتیی بەپێی بنەماکان بدزنەوە و لەژێری دەرچن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دیموکراسی دێ لاواز ببێت.

سەرەڕای ئەمە، هەروەک بیوکانان لەسەری دواوە (1991: 132)، سونستاین تەنانەت ئەو ئەگەرە ڕەچاو ناکات کە دەستوور دەتوانێت بە شێوەیەک مافی جیابوونەوە سنووردار بکات و کۆسپ بخاتە بەردەمی کە هەڕەشەی چوونەدەری کەمایەتییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە. بۆ نموونە دەتوانین ئەم بابەتە بەراورد بکەین بە مافی گۆڕانکاری و پیاچوونەوە بە دەستوور کە لە دەستووری ئەمریکادا بەدی دەکرێت. ئەم مافە بە شێوەیەکی بەرچاو تەلبەند کراوە: دوو زۆرینەی باڵا، یەکیان لە کۆنگرێسدا و ئەوی تریان لە نێوان ویلایەتەکاندا، پێویستن بۆ گۆڕانکاری و پیاچوونەوە. بە هەمان شێوە، مافێکی بەگونجاوی سنووردارکراو و تەلبەندکراو بۆ جیابوونەوە لەگەڵ بنەواشەکانی دەستورباوەڕی نەساز و نەگونجاو نییە: کۆسپ و لەمپەرگەلێکی بەباشی گەڵاڵەکراو (وەک زۆرینەی باڵا، دیاریکردنی ماوەی چاوەڕوانی و هتد) دەتوانن جیابوونەوە بە ڕادەیەکی گونجاو ئەستەم بکەن بە جۆرێک کە بەر بە مەترسیی قبوولێنەکراوی چوونەدەرەوەی پێشوەختە و بەپەلە یاخود چەنەلێدانی ستراتیجی لە لایەن کەمایەتییەکانەوە بگرن، لە کاتێکدا کە هێشتاش لە هەندێ بارودۆخی گونجاودا ئەگەری جیابوونەوە لە جێی خۆیەتی. لە ڕاستیدا دەستووری ئێستای ئیتۆپیا وەها مافێکی سنووردارکراو بۆ جیابوونەوە لە خۆ دەگرێت، بە جۆرێک کە نەتەنێ دوو زۆرینەی باڵا دەبێ پشتگیریی جیابوونەوە بکەن، بەڵکوو ماوەیەکی چاوەڕوانییش بۆ ئەم مەبەستە پێویستە. کەواتە، گەرچی گەڵاڵەکردنی گونجاوی دەستوور لەمەڕ جیابوونەوە پێویستە بەرەوڕووی مەترسییەکانی خەسارگەیاندنی جیابوونەوە بە پرۆسەی دیموکراتی ببێتەوە، بەفەرمیناسینی دەستووریی مافی جیابوونەوە وا نایەتە بەرچاو کە لەگەڵ دەستورباوەڕی نەساز و دژ بێت.

واین نۆرمان زۆرتر لەمەش دەچێتە پێشەوە و باس لەوە دەکات کە بەدەستووریکردنی ململانێ و ناکۆکییەکانی بواری جیابوونەوە گەلێک بەرژەوەندیی بەرچاوی لێ دەکەوێتەوە (Norman 2003). دادگای باڵای کەنەدا لەم دواییانەدا وەها هەڵوێستێکی گرت و ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێ پرۆسەی جیابوونەوەی کێبێک کە بۆی هەیە تێکدەر و شێوێنەر بێت، بە پرۆسەی دانوستان و پێداچوونەوە بە

دەستووردا بکرێتە بابەتێکی ژێر سەروەریی یاسا.[۳]

هێشتا ئارگیومێنتێکی تریش بۆ جێکردنەوەی مافی جیابوونەوە لە دەستووردا بوونی هەیە. لە هەندێ حاڵەتدا، کاتێک یەکەیەکی سیاسیی نوێ لە دوو یان چەند یەکەی سەربەخۆ یان نیوە خودموختار پێک دەهێندرێت، دەشێ گونجاندنی مافی هاتنەدەر لە دەستووری یەکە نوێیەکەدا وەک پاڵنەرێک بۆ چوونە ناو و پەیوەست بوون بەو یەکە نوێیە پێویست بێت. بۆ حاڵەتی نامسۆگەری و یەکلاییەکراوە سەبارەت بەمەی کە یەکە نوێیەکە چلۆن دێ بجوولێتەوە و بە چ ئاقارێکدا بڕوات، بەفەرمیناسینی دەستووریی بژاردەی «هاتنەدەری باری تەنگەتاوی» لەوانەیە بۆ خستنەگەڕی یەکە نوێیەکە حەوجە بێت (Buchanan 1991: ch. 4).[٤]

کار و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی زۆرتر لەسەر ئەم پرسیارە دەبێ ئەنجام بگیرێت کە کەی و چلۆن مافی جیابوونەوە دەکرێ بەدەستووری بکردرێت. بۆ ئەم مەبەستە هەم پێویستمان بە شیکردنەوە و تیشکخستنە سەر بنەواشەکانی دەستووربناوەڕی و مۆرالێتەی جیابوونەوەیە و هەم زانینێکی ئەزموونی لەسەر ئەو هەلومەرجانە کە تێیاندا ڕێکخستن و دارشتنە دەستوورییە جۆراوجۆرەکان بتوانن بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرێت بنەواشەکانی دەستووربناوەڕی بە چەشنێک بێننە دی کە لەگەڵ جیابوونەوە بگونجێت.

۲. بیردۆزەکانی مافی جیابوونەوە

لە ئەدەبیاتی فەلسەفەدا جیاوازییەکی بەڕوالەت گشتگیر لە نێوان دوو بیردۆزی مافی جیابوونەوە (کە وەک داوا-مافی یەکلایەنە هاتووەتە فامکردن) وێنا کراوە: بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری و بیردۆزەکانی مافی سەرەتایی.[۵] بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری مافی جیابوونەوە بە مافی شۆڕشکردن دەشوبهێنن و بە مافێکی دەزانن کە گرووپێک تەنێ لە ئەنجامی پێشێلکرانی مافەکانی تری لێی بەهرەمەند دەبێت. لەم ڕوانگەیەدا جیابوونەوە تەنیا کاتێک پاساو دەدرێت کە دواییN دالّدە و چارەسەر بۆ نادادپەروەریی بەردەوام و جیددی بێت. کەواتە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە وەک مافێکی سەرەتایی ڕەچاو ناکرێت، بەڵکوو لێکەوتەی پێشێلکرانی مافە بنەڕەتیترەکانی دیکەیە؛ لەبەر هەندێ بە «بەس مافی چارەسەری» ناودێر کراوە. هەندێ جار زاراوەی «بیردۆزەکانی هۆکاری دادپەروەرانە» بۆ ئاماژەدان بە بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری و زاراوەی «بیردۆزەکانی هەڵبژاردن» بۆ ئاماژەدان بە بیردۆزەکانی

مافی سەرەتایی بەکار دێت.

وەشـانە جیاوازەکانی بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری لیسـتەی جیاواز لەو نادادپەروەرییانە کە دەتوانن ببنە هۆکار بۆ مافی چارەسـەری دیاری دەکەن. بۆ نموونە، بیردۆزێکی بەس مافی چارەسـەری بهێننـە بەر چاوتان کە لە نێوان هۆکارەکان بۆ مافی (یەکلایەنەی) جیابوونەوە بابەتەکانی ژێرەوە دەگرێتە خۆ: (١) پێشـێلکاریی بەربڵاو و بەردەوامی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ؛ (٢) داگیرکردنی نادادپەروەرانەی خاکـی دەوڵەتێکی ڕەوا (کە جیابوونەوە لەم حاڵەتەدا ڕێک گێڕاندنـەوەی خاکی بە ناهەق داگیرکراوە، بۆ نموونە جیابوونەوەی کۆمارەکانی باڵتیک لە یەکێتیی سـۆڤیەت لە سـاڵی ١٩٩١دا)؛ و (٣) لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، پێشـێلکردنی بەردەوامی ڕێککەوتنامەکانی تایبـەت بە قبووڵکردنی خۆبەڕێوەبەریی سـنووردارێ گرووپێکی کەمایەتی لە ناوخۆی سـنووری دەوڵەتێکدا لە لایەن دەوڵەتەوە (Buchanan 2004) یان بەڵکوو تەنانەت ڕەتکردنەوەی بژاردەی هاتنە ناو ئەو دانوستانانەی کە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی ڕژێمێکی خودموختار لە ناوخۆی دەوڵەتدا ڕێکخرابن. بیردۆزێکی بەس مافی چارەسـەریی قورس و دژوارتر هەیە کە تەنیا لە یەک حاڵەتدا پاسـاودانی جیابوونەوەی یەکلایەنە بە گونجاو دەزانێت: (١) پێشـێلکاریی بەردەوام و بەربڵاوی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ (لە تووندوتیژترین حاڵەتی خۆیدا، وەک جینۆساید یان حاڵەتەکانی تری کوشتنی بەکۆمەڵ).[٦]

بیردۆزەکانی مافی سـەرەتایی لەمەڕ مافی یەکلایەنە بۆ جیابوونەوە دان بەمەدا دەنێن کە گرووپێک دەتوانێت لەسـەر بنەمای هۆکارگەلی چارەسەری، مافی جیابوونەوەی هەبێت، وەلێ هاوکات لەسەر ئەو بڕوایـەن کە تەنانەت کاتێک کە گرووپەکە نەکەوتبێتە بەر هیچ نادادپەروەرییەکیش مافی (یەکلایەنەی) جیابوونـەوەی دەکرێ هەبێت. کەوایە، ئەم جۆری دووەمەی بیردۆزەکان ئەمە دەگەیەنێت کە پێشـتر و سـەرتر لە هەر مافێکی چارەسـەری و کەواتە هەر مافێکی لێکەوتەی، کـە لەوانەیە هەبێت، مافێک بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە بوونی هەیە.

بیردۆزەکانی مافی سەرەتایی دوو چەشنن: بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر (کە زۆربەیان ناسیۆنالیستین) و بیردۆزەکانی گشتپرسی-تەوەر (یان زۆرینەباوەڕی). یەکەمیان هەڵگری ئەو بۆچوونەیە کە گرووپگەلی دیاریکـراو کە ئەندامێتییان لەسـەر بنەمـای ئەوەی هەنـدێ کات پێی دەگوترێـت تایبەتمەندیگەلی ڕەپاڵدەری پێناسـە کراوە، تەنیا بەهۆی ئەوەی لەو چەشنە گرووپگەلەن، (داوا-)مافێکی یەکلایەنەیان بۆ جیابوونەوە هەیـە. تایبەتمەندیگەلی ڕەپاڵدەری ئەو تایبەتمەندییانەن کە سـەربەخۆ و بێ گرێدانەوە بە

هەڵبژاردنیـان دەخرێنە پاڵ تاکەکان و لە یەک نەتەوە یان «گەلێکی جیاواز» بوون لەخۆ دەگرن. باوترین فۆرمی بیردۆزی ڕەپاڵدەری-تەوەر پێی وایە کە نەتەوەگەلی لەم چەشنە مافی چارەیخۆنووسینیان هەیە، کە مافی جیابوونەوە بە مەبەستی بوون بە خاوەن دەوڵەتی خۆیان دەگرێتەوە.

لە بەرانبەردا، بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر لەسەر ئەو بۆچوونەن کە داوا-مافی ئەخلاقیی یەکلایەنە (ی تـا ئەم ڕادەیە) بۆ جیابوونەوە لە حاڵەتێکدا بوونی هەیە کە زۆرینەی دانیشـتووانی پارچەیەک لە خاکی دەوڵەتەکە بڕیار بدەن کە لەو بەشەدا دەوڵەتی خۆیان هەبێت، بێ گوێدان بەوەی کە تایبەتمەندیی هاوبەش، چ ڕەپاڵدەری یاخود لە هەر چەشـنێکی تر، جگە لە ویسـت بۆ سەربەخۆییان هەیە یان نا. پێویست نییە لە یەک نەتەوە یان ئەندامی گەل یا کولتووڕێکی دیاریکراو بن. بەڵکوو، تەنێ پێویستە گرووپێک پێک بێنن کە توانایی دامەزراندنی حکوومەتێکی خودموختاریان هەبێت کە بتوانێت کارکردە سیاسـییەکانی پێویست بۆ ڕەوایی جێبەجێ بکات و ڕاپەڕێنێت.

ئەوەی لە نێوان ئەم دوو چەشـنە لە بیردۆزگەلی مافی سـەرەتایی هاوبەشە ئەوەیە کە نادادپەروەری وەک مەرجێکی پێویسـت بۆ هەبوونـی (داوا-)مافی یەکلایەنە بۆ جیابوونەوە بـە حەوجە نازانن. ئەمانە بیردۆزگەلـی مافـی سـەرەتایین چونکـە (داوا-)مافـی یەکلایەنە بۆ جیابوونـەوە بە پێشـێلکردنی مافە بنەڕەتیترەکانی تر گرێ نادەنەوە و مەرجدار ناکەن، بەو شێوەیەی کە لە بیردۆزگەلی بەس مافی چارەسەری دەبیندرێت.[۷] لێرەدا هیچ هەوڵێک بۆ خسـتنەڕووی هەڵسـەنگاندنێکی بەراوردکارانەی تێروتەسەل و گشـتلایەنەی ئەم بیردۆزگەلە دژیەکە نادرێت (بڕوانـە Buchanan 1997). بەڵکوو، تەنێ خاڵە بەهێز و لاوازە سەرەکییەکانیان دیاری دەکەین.

۱.۲. بیردۆزگەلی بەس مافی چارەسەری

بە گوێرەی بیردۆزگەلی بەس مافی چارەسـەری، هەروەک لە ناوەکەی دەر دەکەوێت، جیابوونەوە وەک دواییـن ڕێگەچارە لـە هەمبەر نادادپەروەریی سـەپێندراو لـە لایەن دەوڵەتەوە بەسـەر گرووپی جیابوونەوەخوازی تامەزرۆ پاسـاو دەدرێت. بەپێی بیردۆزەکانی مافی چارەسەری دەوڵەتێکی تا ڕادەی پێویست دادپەروەر شـیانی دادگەری و دەسەڵاتی ڕەوای بەسەر گەلی ناو خاکەکەیدا هەیە. ئەم ڕەواییە ئیزنی ئەوە بە دەوڵەت دەبەخشێت کە بەسەر هاووڵاتییانیدا حوکمڕانی بکات، کە ئەندامانی گرووپگەلی جیابوونەوەخـوازی تامـەزرۆ ژی دەگرێتەوە. دۆزەکـە تەنێ کاتێک دەکـرێ بگۆڕدرێت کە دەوڵەت

مەرجەکانی ڕەوایی خۆی پێشێل بکات، کە بۆ ئەم مەبەستەش دەوڵەت دەبێ بە ڕادەیەک کە تەواو بۆ لاوازکردن و بنبڕکردنی ئیدعای دەوڵەت بۆ حوکمڕانیی ڕەوا پێویستە لە نادادپەروەری بگلێت. ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی بەس مافی چارەسەری بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازیان لەمەڕ ئەوە هەیە کە چ چەشنێک لە نادادپەروەری قورسایی پێویستی بۆ جێگیرکردنی مافی جیابوونەوە هەیە. دیارترین ڕوانگەی لەم چەشنە، کە لە لایەن ئالێن بیوکانانەوە دراوەتەوە دەرەوە، سێ جۆری دیاریکراوی نادادپەروەری دیاری و پێناسە دەکات کە لە ئەنجامیاندا بکرێ جیابوونەوە بە چارەسەر بزانرێت: ١) جینۆساید یان پێشێلکارییە بەکۆمەڵ و بەربڵاوەکانی تری مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ؛ ٢) دەستبەسەرداگرتن و لکاندنی نادادپەروەرانە؛ و ٣) پێشێلکردنی بەردەوامی ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە خودموختاریی ناوخۆی خاکی دەوڵەتەکە (Buchanan 2003: p. 351). بیوکانان بەم دواییانە ئەگەری حاڵەتێکی تریشی خستووەتە ڕوو: سەرنەگرتن و فەشەلهێنانی چوونەوە ناو دانوستانگەلێک کە ئاکامی چاوەڕوانکراویان ڕژێمێکی خودموختاری ناوخۆیی بۆ هەر گرووپێکە کە داوایەکی ماقوولّی بۆ وەها خودموختارییەک هەیە (Buchanan, personal communication, August 2021).

بە ڕەچاوکردنی ئەگەری هەستان بە جیابوونەوەی یەکلایەنە بە مەبەستی ورووژاندنی توندوتیژیی بەربڵاو، خاڵی بەهێزی ڕێبازی بەس مافی چارەسەری ئەوەیە کە بەربەستێکی بەرچاو لەبەردەم جیابوونەوەی یەکلایەنە دادەنێت، کە بەپێی ئەم بەربەستە، سکاڵا و گازندەکردنی بەردەوام و جیددیی جیابوونەوەخوازان لە کەوتنە بەر نادادپەروەری مەرجێکی پێویستە. تا ئەم خاڵە، ئەم ڕێبازە ئەم تێگەیشتنە دەپێکێت کە کەرتکردنی دەوڵەت بە جۆرێک کە ڕەزامەندی و ڕێککەوتنی دووڵایەنەی لەسەر نەبێت، بۆ نموونە لە حاڵەتی شۆڕشدا، هەوڵێکی پڕمەترسی و مەزنە کە پاساودرانی قورسی پێویستە. گەر لێی وردتر ببینەوە، ئەم ڕوانگەیە لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی لۆژیکی دەداتە دەست کە چلۆن دەکرێ دەوڵەت مافی خاوەندارێتی بەسەر خاکدا لە دەست بدات: ئەمە لە یەکەم هەنگاودا بە شکستهێنان لە ڕاییکردنی ئەو ئەرکە دێتە کایەوە کە ئیدعایەکی ئەخلاقی بۆ کۆنترۆڵی خاک بە دەوڵەت دەدات، واتە دابینکردنی دادپەروەری بۆ ئەوانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسایی ئەو دەوڵەتەوە.

خاڵێکی بەهێزی تری ڕێبازی بەس مافی چارەسەری ئەوەیە کە وا دەردەکەوێت کە پاڵنەری دروست و بەجێ دابین دەکات: ئەو دەوڵەتانەی دادپەروەرن (یان لانیکەم لەسەر نادادپەروەریی زۆر جیددی بەردەوام نین و درێژەی پێ نادەن) لە باری ئەخلاقییەوە لە هەمبەر جیابوونەوەی یەکلایەنە پارێزراون و لە

پاڵپشـتیی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەیان بەهرەمەندن. لە لایەکی دیکەوە، هەروەک بیردۆزەکە پێشـنیازی دەکات، گەر مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە وەک چارەسەرێک بۆ نادادپەروەریی جیـددی و بەردەوام بەفەرمـی بناسرێت و دانی پێ بنرێت، دەوڵەتەکان هـان دەدات کە دادپەروەرانەتر بجوولێنەوە.

هەنـدێ لە ڕەخنەگـران بەرەنگاری ڕێبـازی بەس مافی چارەسـەری بۆ جیابوونـەوەی یەکلایەنە دەبنەوە و پێیان وایە کە بە شـێوەیەکی نیگەرانکەر لە ئاسـت پەرۆشی و کەڵکەڵەکانی گەلێک گرووپی خوازیاری چارەیخۆنووسـین بێبایەخ و بێکەڵکە. دەڵێن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەمە ناسیۆنالیزمە کە پاڵنەر و هەڵگیرسـێنەری شوێن چارەیخۆنووسین کەوتنە، نەک سـکاڵا و ناڕەزاییەکان لە نادادپەروەری خۆی لە خۆیدا (Moore 1998a). لایەنگرێکی ڕوانگەی بەس مافی چارەسـەری دەشێ وەڵام بداتەوە کـە ئەمەی دواییان تەنێ لێکدانەوە بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە دەکات، نەک بیردۆزێکی گشـتلایەنەی چارەیخۆنووسـین بێـت. کەواتە، ڕێبازی بەس مافی چارەسـەری بـۆ جیابوونـەوەی یەکلایەنە لەگەڵ هەڵوێسـتێکی تا ڕادەیەک ئاسـانگرانە و ڕێدەرانە لە هەمبەر خودموختاریی ناوخۆیی دەگونجێت، کە فۆرمە جیاوازەکانـی خۆبەڕێوەبەری بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی ناوخـۆی دەوڵەتەکە دەگرێتەوە. بابەتەکە جیاکردنـەوە و هەڵاواردنی (داوا-)مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە لەو بەرژەوەندییە ڕەوایە جۆراوجۆرانەیە کـە گرووپەکان، لەوانە کەمینە نەتەوەییـەکان، دەتوانن لە فۆرمگەلی جیاوازی چارەیخۆنووسـیندا بەبێ بەدەوڵەتبوون هەیانبێت.

جگە لەمە، لە ڕێبازی بەس مافی چارەسـەریدا حەوجە نییە کە داوای سەربەخۆیی نەتەوەکان ڕەت بکرێتـەوە؛ بەڵکوو تەنێ داوا و بانگەشـەیەکی بەهێزتـر ڕەت دەکاتەوە کە بە گوێرەی ئەم بانگەشـەیە نەتەوەکانی لەم چەشـنە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەیان هەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو گرووپانەی دەکەونە بەر چەپۆکی نادادپەروەریی ڕژد و بەردەوام لە ڕاسـتیدا نەتەوەن، و کەواتە بەپێی بیردۆزی بەس مافی چارەسـەری مافی جیابوونەوەیان دەبێت. تا ئێرە ڕاست نییە گەر بێژین ئەم چەشن بیردۆزە گوێ بە ڕاستییەکانی بزاڤگەلی چارەیخۆنووسینی نەتەوەیی نادات. وەلێ بابەتێکی گرنگی دیکە ئەمەیە کە بیردۆزی بەس مافی چارەسـەری لە کاتی ئاوێتەبوون لەگەڵ بیردۆزێکی گشتلایەنەی وەک چارەیخۆنووسین، کە ئاوڕدانەوەیەکی بنەماییە لەو حاڵەتانەی کە ڕێکخسـتنەکانی خودموختاریی ناوخۆیی دەتوانن پاڵپشتیی ناودەوڵەتی دەسـتەبەر بکەن، دەتوانێت وەڵامدەری پەرۆشـی و کەڵکەڵەکانی کەمینە نەتەوەییەکان لەو

حاڵەتانەدا بێت کە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەیان نییە.

ئەوەی ڕێبازی بەس مافی چارەسەری لێی بێبەرییە داننان بەوەیە کە نەتەوەگەلی لەم چەشنە، بێ گەڕانەوە بۆ پێویستیی هەبوونی حاڵەتێکی بەردەوامی نادادپەروەریی ڕژد و پڕمەترسی، مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەیان هەیە. وەلێ دەکرێ بسەلمێندرێت کە ئەمە تایبەتمەندیی ئەرێنیی ئەم لێکدانەوە و ڕێبازەیە، نەک کەمایەسی و خاڵێکی لاوازی. بەم شێوەیە کە ئەو ڕەخنانەی لە خۆی تکاندووەتەوە کە ئاراستەی بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر دەکرێت و بە خاڵی لاوازیان بە هەژمار دێت، کە ئەمیش ئەوەیە کە لە جیهانێکدا کە کەم تا زۆر هەموو دەوڵەتەکان لە زۆرتر لە یەک نەتەوە پێک دێن، و نەتەوەکان بە لەباری و ڕێکوپێکی بەسەر ناوچەگەلێک بە سنووری دیاریکراو لەناو خاکی دەوڵەتاندا بڵاو نەبوونەتەوە و نیشتەجێ نین، بەڵکوو گەلێک ناوچەی دیاریکراو هەن کە داوای و بانگەشەی خاوەنداریێتیی زۆرتر لە یەک نەتەوەی لەسەرە، بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر دان بە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بۆ هەموو نەتەوەکان دەنێن و ڕێگەی پێ دەدەن. بابەتەکە هەر وا ساکار نییە کە ڕوانگەی ڕەپاڵدەری-تەوەر سەر ناگرێت و جێبەجێ نابێت؛ بەڵکوو لایەنگریی ئەم ڕوانگەیە بۆ ئەو ئایدیایە کە هەر ئەتنیکێک دەوڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت، هاندەر و بزوێنەرێکە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ئەتنیکی، گەر نەڵێین تەنانەت جینۆسایدیش. هەر چۆنێک بێت، ئەم دێڕە ئارگیومێنتە دەتوانێت وەڵامێکی کاریگەر بێت بۆ ئەو ڕەخنانەی دەڵێن بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری گرنگیی ناسیۆنالیزم پشتگوێ دەخەن و گوێی پێ نادەن، مەگەر تەنیا لە کاتێکدا کە لێکدانەوەیەی بیردۆزی بەس مافی چارەسەری بۆ مافی جیابوونەوە بەدروستی لە بیردۆزی برفرەتر و پەسندتری چارەیخۆنووسیندا جێگیر بکرێت.

۲.۲. بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر

بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر (یان ویستباوەڕ) کراوەتر و ڕێدەرتر لە بیردۆزگەلی بەس مافی چارەسەری و ڕەپاڵدەری-تەوەرن: بەبێ مەرجی هەبوونی نادادپەروەری، ڕێگە بە جیابوونەوەی یەکلایەنە دەدەن و پێویست نییە کە ئەندامەکانی گرووپی جیابوونەوەخواز تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان جگە لە خواست و ویست بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیان هەبێت. بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر بناخەی مافی جیابوونەوە لەسەر مافی چارەیخۆنووسین دادەڕێژن (Wellman 2005: ch. 3). لای ئەوان چارەیخۆنووسین خۆی لە خۆیدا وەها بەهایەکی مەزنی هەیە کە دەتوانێت لە هەلومەرجی تایبەتدا مافی

سەربەخۆیی سیاسیی تەواو جێگیر بکات. دیارترین لایەنگری ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر، کریستۆفەر ویڵمان، دەڵێت کە مافی چارەیخۆنووسین مافێک بۆ جیابوونەوە بەدی دێنێت و دەچەسپێنێت، ئەگەر و تەنیا ئەگر (۱) هەر گرووپێک کە زۆرینەی دانیشتووانی پارچەیەک لە خاکێکی دیاریکراو پێک دێنێت دەنگ بە جیابوونەوە بدات؛ (۲) ئەو گرووپە بخوازێت و بتوانێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێت کە بە ڕێکوپێکی ئەرکەکان ڕاپەڕێنێت، و (۳) جیابوونەوەی ئەم گرووپە توانایی دەوڵەتی پاشماوەی ئەم جیابوونەوەیە ژی بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکان لاواز و بنبڕ نەکات (Wellman 1995; Wellman 2005: ch. 3; Altman and Wellman 2009: ch. 3). بێڵن خاڵی (۱) *مەرجی دەنگی زۆرینە*، و خاڵەکانی (۲) و (۳) *مەرجی بەردەوامبوونی دەوڵەت* ناو بنێین. لە زۆربەی مەلەفەکاندا وا دەردەکەوێت کە بەدیهێنانی مەرجی بەردەوامبوونی دەوڵەت ساکار نەبێت، بەتایبەت کاتێک کە دێینە سەر باسی دامەزراندنی کۆمەڵێک دامەزراوەی نوێ. کەوایە مەرجی بەردەوامبوون ڕادەی کراوەیی و ئاسانگریی ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر دادەبەزێنێت.

بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر گەلێک تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشیان هەیە. یەکەم، دەتوانن پێش بە هەندێ کێشە و گرفت بگرن کە چەشنە سەرەکەییەکەی تری بیردۆزی مافی سەرەتایی، واتە بیردۆزگەلی ڕەپاڵدەری-تەوەر بەدوای خۆیدادێنێت، چونکە لە چوارچێوەی بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەردا، نەپێویستە شی بکرێتەوە چ شتێک نەتەوەیەک چێ دەکات، و نە حەوجەیە ڕوون بکرێتەوە کە بۆچی نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی خۆیانیان هەبێت. هەروەها، گەر مافی گشتپرسی-تەوەر بۆ جیابوونەوە بەربڵاوی بەفەرمی بناسرێت، ئەوانەی خواستی جیابوونەوەیان هەیە پێویست ناکات دۆسیەکەیان بەپێی زاراوەگەلی ناسیۆنالیستی دارێژن، کە هەندێ کات کاردانەوەی توندوتیژی ناسیۆنالیستی لە لایەن ئەوانەی دژایەتییان دەکەن بە دوای خۆیدا دێنێت. دووەم، کەمتر لە بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری شۆڕپارێز و کۆنەپارێزن، چونکە ڕێگە بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی دیموکراتییانەی سنووورەکانی دەوڵەت دەدەن –کە لە تیۆریدا ڕێگە بە ئاستێکی بەرزتر لە چارەیخۆنووسین بۆ گەلی دانیشتووی ناوخۆی ئەو سنوورانە دەدەن. ئەم گەڕانەوە بۆ دیاریکردنی دیموکراتییانەی سنوورگەلی دەوڵەتی، لەجیاتی پاراستنی ئەو دۆخەی ئێستا لە ئارادایە، هەروەها دەروەستبوونێکی جێی ڕێز بە دیموکراسی وەک حوکمی زۆرینە بە دوای خۆیدا دێنێت.

ئەم ڕوانگەیەیش، وەک هەر ڕوانگەیەکی تر، بەرەوڕووی گەلێک ڕەخنە و دژایەتی بووەتەوە.

یەک لە نیگەرانییەکان ئەمەیە کە بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر ئیزن بە جیابوونەوەی لەڕووی ئەخلاقی کێشەنەرەوەی «هەبوونەکان»[1] لە «نەبوونەکان» دەدات: زۆرینەی زەنگین و خاوەنی بەشە بەپیت و زەنوێرەکانی سەرچاوەکانی دەوڵەت لەوانەیە خۆیان لە ئەرک و دەروەستیی دابەشکردنەوەی دارایی و سامان بەسەر هاوواڵاتییانی بارچەوت و هەژارتریان بدزنەوە و بەجێی نەهێنن. وێڵمان لە وەاڵمدا لەوانەیە دەست بخاتە سەر مەرجی بەردەوامبوون: دەشێ حیزبێکی جیابوونەوەخواز بە بردنی سامان و سەرچاوەی پێویست بۆ دریژەدان بە ڕاییکردنی ئەرکەکان لە الیەن دەوڵەتی پاشماوەوە، نەتوانێت جیا ببێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر لە ناوچەیەک هەڵکەوتوون کە بەشی زۆربەی سەرچاوە سروشتییەکانی هەیە، مافی جیابوونەوەیان مەرجداراە و بەستراوەتەوە بە خواست و حەزیان بۆ هاوبەشکردنی الیکەم هەندێ لەو سەرچاوانە لەگەڵ هاووڵاتییانی دەوڵەتی پاشماوەی جیابوونەوە. لەم سۆنگەیەوە، گرووپگەلی زەنگینتر دەشێ لە گرووپگەلی هەژارتر جیا ببنەوە؛ هەر چۆنێک بێت، پشتبەستنی گرووپی هەژارتر بەو سەرچاوانەی بە دەست گرووپی زەنگینترەوەن هەلومەرجێک دەخوڵقێنێت کە بە گوێرەی دەکرێ جیابوونەوە بێتە کایەوە (Wellman 1995: p. 145).

ئەمەی کە ئەم ڕێچارەیە وەاڵم دەداتەوە و کاریگەر دەبێت پەیوەستە بەمەی کە وێڵمان تا چ ڕادەیەک دەیهەوێت ئەم پێویستی و مەرجە جێ بکاتەوە و گرنگیی پێ بدات کە دەوڵەتی پاشماوە دەبێ پاشانیش توانایی «ڕاییکردنی ئەرکەکانی» هەبێت. لێدوان و لێکدانەوەی وێڵمان لەم بارەوە تا ڕادەیەک لێڵ و ناڕوونە، وەلێ وا دێتە بەرچاو کە تەنێ ئەو پێویستی و مەرجە ڕەچاو دەکات کە دەوڵەت بتوانێت ئەرکەکانی پێویست بۆ پاراستن و جێگیرکردنی مافە بنەڕەتییەکان و دادپەروەری، ڕاگرتنی تەکووزی و دابینکردنی ژێرخانی بنگەهی و گەوهەری بەجێ بهێنێت. گەر بەم شێوەیە بێت، کەوایە هەندێ کەس کە سەبارەت بە ڕێپێدان بە جیابوونەوەی هەبوونەکان لە نەبوونەکان نیگەرانن دەشێ باس لەمە بکەن کە ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر ڕێگە بە هەڵوەشانەوە و لەناوچوونی دەوڵەتی خۆشبژیویی مۆدێرن دەدات کە فۆرمێکی سیاسییە کە زۆربەی کات دابەشکردنەوەی بەرچاوی سامان و دارایی لە ناوچە بەپیتەکانەوە بۆ ناوچە هەژارتر و بێبەهرەترەکان بە پێویست دەزانێت. گەرچی وێڵمان بە ڕاشکاوی پێمان نالێت کە بەوردی چ ئەرکگەلێک بۆ بەردەوامبوونی دەوڵەتێک پێویستن، پێ دەچێت کە ئەرکەکانی دەوڵەتێکی

---

١. هەبوونەکان و نەبوونەکان کە وەک هاوتای haves و have-nots بەکار هاتوون، لە کۆنەوە لە ناوچەی موکریان کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هەبوون بە کەسی زەنگین و خاوەن دارایی و سامان، و نەبوون بە کەسی هەژار دەگوترێت. -وەرگێڕ

خۆشبژیوی ئەو ئاستە لانیکەمییەی کە ڕوانگەی وێڵمان بە حەوجەی دەزانێت تێپەڕ بکەن. کەواتە ڕەخنەگران دەشێ بڵێن کە ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەری وێڵمان یان (۱) لەڕادەبەدەر لیبەرتاریانییە، یاخود (۲) پێویستی بە پێداچوونەوە و بەرفرەکردنەوەی مەرجی بەردەوامبوونە بە جۆرێک کە جیابوونەوە خەساری جیددی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆشبژیویی دەوڵەتی پاشماوە نەگەیەنێت.

وێڵمان بەڵام ڕێبازێکی تر دەگرێتە بەر و دەڵێت کە هاوبەشکردنی بەردەوامی سەرچاوەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تازە دامەزراو لەگەڵ دەوڵەتی پاشماوە پێویست نییە تەنیا بەو حاڵەتانە سنووردار بکرێتەوە کە تێیدا ناوچەی هەژارتر بەبێ پاڵپشتیی ناوچەی جیاوەبوو نەتوانێت بەردەوام بێت و دریژە بە بوونی خۆی بدات. بەم شێوەیە، ڕوانگەی وی جێ بۆ ئەم ئەگەرە دێڵێتەوە کە گەلی ناوچەی هەژارتر بشێ هێشتا لە بەشێک لە سەرچاوەکان بەهرەمەند بێت کە لە ڕادەی پێویستی بۆ بەس مانەوە و بەردەوامبوون زۆرتر بێت –هەرچەند ئەمە دەشێ تەنێ لێکدانەوەیەک بێت. وێڵمان لێرەدا دوو بابەت لێک جیا دەکاتەوە کە خۆی بە دوو پرسیاری جیاواز دایان دەنێت: ۱) وەک بابەتێکی چوارچێوەی دادپەروەری، هاووڵاتییانی ناوچەی زەنگینتر چ شتێک بە هاووڵاتییانی دەوڵەتی پاشماوە قەرزدارن؟ و ۲) ئاخۆ هاووڵاتییانی ناوچەی زەنگینتر مافی چارەیخۆنووسینیان هەیە؟ هەروەک خۆی ڕاڤەی دەکات: جیابوونەوەی خەڵکانی زەنگین لە هاوسەرە کەمتر زەنگینەکانیان بابەتێکە هەمووکات بوونی هەیە. ئێمە لامان وا نییە کە ئەم نایەکسانییە دەبێ بەر بە جیابوونەوەیان بگرێت؛ بەڵکوو، ئەم نایەکسانییە کۆمەڵە مەرجێک دیاری دەکات کە بە گوێرەیان ئەوان بشێ بەڕێگەپێدراوی جیا ببنەوە –و ئەم مەرجانە زۆربەی کات جیابوونەوە دەبەستنەوە بە پاڵپشتیی بەردەوام لەو هاوسەرەی نەبوونترە لە ئاستێکی سەرتر لە تەنیا بژیوێکی لانیکەمیی پێویست بۆ بەڕێکردنی ژیانی (Wellman 2005: p. 142–3).

کەواتە، پرسیاری پاراستنی دابەشکردنی سامانی دەوڵەتێکی خۆشبژیوی بابەتێکی دادپەروەریی دابەشکارییە، و دەستبەجێ ناگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتەی کە ئاخۆ گرووپێکی زەنگینتر مافی جیابوونەوەی لە سەرووی لێکدانەوەیەکی لانیکەمیتری مەرجی بەردەوامبوون هەیە یان نا. ئەمە بەو واتایەیە کە مافی چارەیخۆنووسینی گرووپی زەنگینتر قورسایی پێویستی بۆ پاساودانی جیابوونەوەیان هەیە (بە ڕەچاوکردنی بەدیهێنانی هەلومەرجی پێویست)، بەڵام ئەمە ناگەیەنێت کە لە هەر دەروەستییەک بۆ بەجێگەیاندنی چاوەڕوانییەکانی خۆشبژیویی دانیشتووانی دەوڵەتی پاشماوە پڕبایەختر و سەرتر بێت. مەرجەکانی دادپەروەریی دابەشکاری پاڵپشتیی بەردەوام لە نەبوونەکان تەنانەت تا ڕادەی سەرتر لە ئاستی پێویست بۆ

بەس گوزەرانی ژیان یاخود بەردەوامبوون تەواو بە حەوجە دەزانن. کێشەیەکی ئەم ڕێچارەیە ئەمەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا بەدوور لە واقع و لۆژیکە: کاتێک ناوچەیەک سەربەخۆیی تەواوی خۆی دەستەبەر کرد، ئیتر پالنەرێکی ئەوتۆی نییە کە درێژە بە پارڤەکردنی سەرچاوەکانی لەگەڵ دەوڵەتی پاشماوە بدات تا ئەرکەکانی پەیوەست بە خۆشبژیوی بەجێ بگەیەنێت و هیچ دەزگا و ناوەندێکی نێونەتەوەیی کاریگەریش نییە کە ناچار بەم کارەی بکات.

ڕەخنەگرانی بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر لەم ڕەهەندەشەوە ڕەخنەکانیان بەرز دەکەنەوە کە ڕوانگەکانی وێڵمان تەشەنەکردن و زۆربوونی جیابوونەوەی لێ دەکەوێتەوە. ڕەخنەی کارتێکەریی دۆمینۆیی[1]، هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، ئاماژە بەو نیگەرانییە دەکات کە گەر بۆ پێکهێنانی گرووپێکی جیابوونەوەخوازی خۆبژیو تەنیا دەنگێکی زۆرینە لە گشتپرسییەکدا پێویست بێت و بەس، بەدامەزراوەییکردنی ئەم ڕوانگەیە دێ ڕێگە بە جیابوونەوەی هەژمارێکی زۆر و یەک لەدوای یەکی گرووپگەلی بچووک و بچووکتر بدات. ئەمە بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئابووری لە ناوچەگەلی دیاریکراو و لە ئاستی نێونەتەوەییدا کارەساتبار و کاولکەر دەبێت. دیسانەکە تیۆریستەکانی گشتپرسی-تەوەر لە وەڵامدا ئاماژە بە مەرجی بەردەوامبوون دەکەن. چێکردنی سەرکەوتووانەی دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆ کە بتوانێت هەم ڕەوایی سیاسی بپارێزێت (بە بەجێگەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسییەکانی) و هەم بە شێوەیەکی لۆژیکی چاوەڕوانیی لێ بکرێت کە بە درێژایی کات بەردەوام بێت و بمێنێتەوە مەرجێکی قورس و ئەستەمە –مەرجێک کە بەشێکی زۆری (تەنانەت گەر نەڵێین زۆربەی) گرووپگەلی جیابوونەوەخوازی تامەزرۆ وێ ناچێت بتوانن بەدیی بێنن.

لە ڕاستیدا، وێڵمان پێی وایە کە بە کەمبوونەوەی دانیشتووان و سەرچاوەکانی، ئەگەر و شیمانەی ئەوەی گرووپێکی جیابوونەوەخواز بتوانێت وەها ئەرکێکی بەرزەفڕانە و ئاڵۆز بەجێ بێنێت دادەبەزێت (Wellman 2005: p. 7–8). کەوایە، مەرجی بەردەوامبوون سنووردارێکی کردەیی لەبەردەم ئەو چەشنە گشتپرسییانەیە کە لە ڕاستیدا دەتوانن گرووپگەلی جیابوونەوەخوازی خۆبژیو پێک بێنن، کە گەر ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر کاری پێ بکردرێت و بخرێتە گەڕ، بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو ئەگەرە کەم دەکاتەوە کە دابەشبوونی دەوڵەتەکان لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا بێتە کایەوە.

هەڵبەت مافی جیابوونەوە مافی خاوەندارێتی بەسەر ئەو خاکەدا لەگەڵ خۆی دێنێت کە

---

١. ئەم زاراوەیە لە یارییەک وەرگیراوە کە تێیدا پوولەکانی یاریی دۆمینە بەدوای یەکتردا دەچن و بە جووڵاندنی پوولی یەکەم پوولەکانی دوای ئەم بەڕیز دەکەونە سەر عەرد، و مەبەست کاریگەریی زنجیرەیی ڕووداو یان هەنگاوێکە. -وەرگێڕ

جیابوونەوەخوازان گەرەکیانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانی لەسەر دامەزرێنن. ئەم خاکە بەبێ ڕەزامەندی لە دەوڵەتی ماک وەردەگیرێت. چ شتێک جیابوونەوەخوازان بۆ ئیدعای خاوەندارێتی بەسەر خاکدا لە پێگەیەکی بەهێزتر لە دەوڵەتی ماک دادەنێت؟ چلۆن مافی چارەیخۆنووسین دەتوانێت لە خواستی زۆرینە بۆ بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ هەم ڕێگە بۆ ئیدعای خاوەندارێتیی خاک خۆش بکات و هەم ئیدعای دەوڵەتێکی ڕەوا بۆ خاوەندارێتیی هەمان خاک هەڵوەشێنێتەوە؟

وێڵمان لەجیاتی ئەوەی بپرسێت چلۆن گرووپی جیابوونەوەخواز مافی خاوەندارێتی بەسەر خاک بەدەست دێنێت، بەم پرسیارە دەست پێ دەکات کە بۆچی هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتی ماک ئیدعای خاوەندارێتیی خاکی هەبووە (Wellman 1995). وێڵمان پێی وایە کە دەوڵەت پێویستە بۆمان شی بکاتەوە کە بۆچی دەتوانێت بەسەر ئێمە و ئەو خاکەی لەسەری دەژین ئیدعای دەسەڵاتی زۆرەملێیانەی یەکلایەنەی هەبێت. لە ئەنجامدا دەڵێت کە تەنیا ڕوونکردنەوەی ڕێتێچوو کارکردگەرایی و توانایی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانە. کەواتە، وێڵمان ڕوانگەیەکی بەڕاشکاوی کارکردگەرایانەی لە هەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەت هەیە –دەسەڵاتی دەوڵەتێک بەسەر خاک و گەلەکەیدا تەنیا و تەنیا تا ئەو شوێنە ڕەوایە کە ئەرکە سیاسییە پێویستەکانی لە ئاست و پلەیەکی گونجاو و جێی ڕەزامەندی ببات بە ڕێوە. کەواتە ئیدعای دەوڵەتێک بۆ دەسەڵاتی پاوان و دابەشنەکراو بەسەر خاکێکدا لە کەڵکوەرگرتن لەو خاکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسییەکانی سەرچاوە دەگرێت (Wellman 2005: ch. 2).

لە سۆنگەی ئەم ڕوانگەوە، هەبوونی گرووپێکی ناوخۆیی جیابوونەوەخواز کە ویست و پاڵنەری سیاسیی هەبێت و لەڕووی سیاسییەوە خۆبژیو بێت، ئیدعای دەوڵەت بەسەر ئەو خاکەدا کە گرووپی ئاماژەپێکراو تێیدا دەژین دەباتە ژێر پرسیار، چونکە ۱) توانایی بەردەوامبوونی سیاسیی ئەو گرووپە دەیسەلمێنێت کە دەوڵەت لە ڕاستیدا پێویست نییە بۆ پاراستنی ئاستێکی پێویست لە کارکردگەرایی، کۆنترۆڵی بەسەر ئەو خاکە و دانیشتووانیدا هەبێت (بە گوێرەی مەرجی بەردەوامبوون)؛ و ۲) زۆرینەی گەلی ئەو ناوچەیە لەگەڵ ڕێکخستنێکی سیاسیی ترن کە لە ڕێگەیەوە بتوانن خۆیان پێداویستی و هەلومەرجەکانی کارکردگەرایی بێننە دی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە دەوڵەتی ماک بۆ چێکردنی ژینگەیەکی هێمن و ئەمنی سیاسی بۆ هاوواڵاتییانی، کە لێوەشاوانە ئەرکە سیاسییەکان بەباشی ڕایی بکات، پێویستی بەو خاکە نییە کە کێشمەکێش و ناکۆکیی لەسەرە، لە ڕوانگەیەکی کارکردگەرایانەوە ئیدعای دەوڵەت بەسەر خاکی جێی موناقشەدا پاساودراو نییە (Altman and Wellman 2009: 47). ئەو سیناریۆ

تایبەتانەی ئەمە تێیدا دەور دەگێڕێت پەیوەستە بەوەی کە چلۆن شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ بەردەوامبوونی سیاسی دەکەین، بەڵام ئارگیومێنتی گشتگیری هەڵقوڵاو لە کارکردگەرایی نەگۆڕە و لە هەموو حاڵەتێکدا یەکسانە: گەر خاکی جێی موناقشە بۆ ڕاییکردنی گونجاوی ئەرکەکان لە لایەن دەوڵەتەوە پێویست نییە، کەواتە ئیدعای دەوڵەت بۆ ئەو خاکە و ئەوانەی لەسەری دەژین دەشێ (لە کەمترین ئاستی خۆیدا) بە داوای چارەیخۆنووسینی جیابوونەوەخوازانی تامەزرۆ هەڵوەشێندرێتەوە و بایەخی نەمێنێت.

بەم شێوەیە، ڕوانگەی وێڵمان لەسەر ئیدعای دژوازی چەند لایەن بۆ خاکێک لەسەر تێگەیشتنی کارکردگەرایانەی لە ڕەوایی دەوڵەت و شرۆڤەی بەهێزی بۆ مافی چارەیخۆنووسین بونیات نراوە. سەرەڕای ئەمە، بەپێی تێگەیشتنی باو لە چارەیخۆنووسین لە ڕەوتی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسی و یاسای نێونەتەوەییدا، مافی چارەیخۆنووسین تەنیا دوو حاڵەت دەگرێتەوە: ڕزگاری لە دەستێوەردانی دەرەکی لە خۆبەڕێوەبەریدا و هەندێ فۆرمی نەختێ دیموکراتیی حکوومەت بە جۆرێک کە هەر ئەندامێکی یەکە سیاسییەکە لە مافی بەشداریکردنی سیاسیی یەکسان بەهرەمەند ببن. لەم تێگەیشتنەدا، ڕوونە کە مافی چارەیخۆنووسین تەنیا لە حاڵەتێکدا مافی خاوەندارێتیی خاک بەدوای خۆیدا دێنێت کە بوون بە خاوەنی خاکی خۆیان تەنیا ڕێگەیەک بێت کە گرووپێک بتوانێت لە دەستێوەردانی دەرەکی ڕزگاری بێت یاخود بە دیموکراسی بگات. ئەمە مافی گرتنی بەشێک لە خاکی دەوڵەتێک کە ئەم دوو پێویستییەی دابین کردووە ناگرێتەوە. بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر بۆ وەڵامدانەوە بەم ڕەخنانە پێویستە بە بیردۆزێکی ڕێتێچووی مافە سەرزەمینییەکان پشتئەستوور بکرێت، کە ڕوونی بکاتەوە کە چلۆن مافی چارەیخۆنووسین دەتوانێت ئیدعای خاوەندارێتیی خاک لە بەشێک لە دەوڵەتێکی ڕەوادا بەدوای خۆیدا بێنێت کە گشت هاوواڵاتییەکانی هەنووکە تا ڕادەیەکی گونجاو لە چارەیخۆنووسین بەهرەمەندن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی (٤.٢).

٣.٢. بیردۆزگەلی ڕەپاڵدەری-تەوەر

بیردۆزگەلی ڕەپاڵدەری-تەوەر، هاوشێوەی هاوتا گشتپرسی-تەوەرەکانیان، لەسەر ئەو بۆچوونەن کە مافی جیابوونەوە لە ئەنجامدا ڕیشەی لە بەهای چارەیخۆنووسیندایە، کەوایە هیچ پێویست نییە تەنیا بەو کەسانە بدرێت کە کەوتوونەتە بەر نادادپەروەریی ڕژد و قوواڵ. بەڵام جیاواز لە بیردۆزگەلی گشتپرسی-تەوەر، لایەنگرانی ڕوانگەی ڕەپاڵدەری-تەوەر مافی چارەیخۆنووسین ناگشتێنن بۆ هەموو گرووپێک.

بەڵکوو بە بۆچوونی ئەوان چارەیخۆنووسین تەنیا ئەو گرووپانە دەگرێتەوە کە بکرێت بە تایبەتمەندیگەلی دیاریکراوی تایبەت، وەک نەتەوە، ئایین، ئەتنیک یاخود شوناسگەلی تری هاوبەش لە نێوان تاکەکانی پێکهێنەری هەر گرووپێک، پێناسە بکردرێن (Margalit and Raz 1990; Moore 1997; Miller 1995; Miller 1998). گەرچی بیردۆزگەلی ڕەپاڵدەری-تەوەری جۆراوجۆر لە پێوەری جیاواز بۆ پێناسەکردنی «گەل» یا «نەتەوە»ی جێی باس کەڵک وەردەگرن، بەڵام هەموویان لەم خاڵە بنچینەییەدا هاوبەشن کە سەرچاوەی مافی جیابوونەوە چەند چەشن لە مافی چارەیخۆنووسینی نەتەوەییە، کە لەسەر داوای ئەخلاقیی تایبەتی ئەو تاکانە بونیات نراوە کە سەر بە گرووپگەلێکی ناسنامەیی تایبەتن.[۸]

ئەم ڕێبازە لە جیابوونەوەی یەکلایەنە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیستەکانی لانیکەم سەدەی نۆزدەیەم وەک مازینی، کە ڕایگەیاند کە هەر نەتەوەیەک دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێت. ڕەخنەگرانی جۆری ڕەپاڵدەری-تەوەری بیردۆزی مافی سەرەتایی (Buchanan 1991, Gellner 2008) دەڵێن کە ئەم بیردۆزە ڕەوایی بە گۆڕینی یەکلایەنە و زۆرەملێیانەی سنووورەکان دەبەخشێت کە کەم تا زۆر هیچکات کۆتایی پێ نایەت، چونکە بە هەر نەتەوەیەک (یاخود «گەلێک» یان کۆمەڵگەیەکی جیاواز و تایبەت) مافی بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆی دەدات. بەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان ئەمە وا دێتە بەرچاو کە نەک سەر نەگرێت، بەڵکوو ڕێوشوێنێک بێت بۆ زۆربوونی ناکۆکی و ململانێی ئەتنۆ-نەتەوەیی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوانەی داکۆکی لە ڕوانگەی ڕەپاڵدەری-تەوەر دەکەن وەڵام دەدەنەوە کە پێویست نییە هەر نەتەوەیەک (یان گەلێکی تایبەت) مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەی بەکردەیی بکات، و گریمانەی ئەوان ئەمەیە کە گەرچی بیردۆزەکەیان بەگشتی ڕێگەی بەم کارە داوە، بەڵام هەموو گرووپێک کە ئەم مافەی پێ دراوە جیابوونەوە هەڵنابژێرێت. سەرەڕای ئەمە، بە ڕەچاوکردنی پێشینەی میژوویی ململانێ ئەتنۆ-نەتەوەییەکان، ئەم نیگەرانییە لە جێی خۆیەتی کە بەدامەزراوەییکردنی ئەم بنەمایە کە هەر نەتەوەیەک مافی خۆیەتی کە دەوڵەتی خۆی هەبێت زۆرتر بەرەو بە توندوتیژیی ئەتنۆ-نەتەوەیی دەدات، و هاوکات بێ گومان پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤیش لەگەڵ خۆیدا دێنێت. کەواتە، تێچووە ئەخلاقییەکانی گونجاندنی وەشانی ڕەپاڵدەری-تەوەری بیردۆزی مافی سەرەتایی لە یاسای نێونەتەوەییدا دەشێ بە گران لەسەرمان تەواو ببێت –بەتایبەت گەر ڕێگەی کەممەترسیتر بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ڕەواکانی نەتەوەکان هەبێت، وەکوو بەجێهێنانی باشتری نۆرمەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەڕانەوە بۆ ڕێکخستنەکانی

خومو‌ختاریی ناوخۆیی.

چەنـد جۆر لە بیـردۆزی ڕەپاڵدەری-تەوەر هەن کـە تا ڕادەیەک لەم نیگەرانییـە کەم دەکەنەوە کە قبوولکردنی ئەم بیردۆزە، بە ڕێگەدان بە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بە نەتەوەکان (یا گەلانی جیاواز)، بە شێوازی جۆراوجۆر دەبێتە سـوتەمەنیی ئاگری ململانێ ئەتنۆ-نەتەوەییەکان. بۆ نموونە، لایەنگرانی ڕەپاڵدەری-تەوەری لەوانەیە لەسـەر ئەو بۆچوونە بن کە پێشگریمانەیەک بە قازانجی هەر نەتەوە یاخود گەلێکی جیاواز هەیە کە گەر خواستی هەبێت بتوانێت ببێت بە خاوەن دەوڵەتی خۆی، یاخود لە ڕوانین و تێگەیشتنی یەکەمدا وا دێتە بەرچاو کە مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بۆ هەموو گرووپەکان پارێزراوە. بەڵام دان بەمەدا دەنێن کە سیستەمی یاسایی نێونەتەوەیی بە جۆرێک پشتڕاست کراوەتەوە کە هەندێ گرووپ ناچار دەکات کە بە چەشـنێک لە ڕێکخسـتنی خودموختاری کە لە ئاسـتێکی خوارتر لە سەربەخۆیی تەواوە قایل بن تا پێش بە ناسـەقامگیریی مەترسـیدار بگیردرێت یان تا لەگەڵ ئیدعاگەلی هاوشـێوەی گرووپەکانی تر بۆ خاوەندارێتیی هەمان ئەو خاکە سازانێک پێک بهێندرێت. ئەم شێوازە لە وەڵامدانەوە بە نیگەرانیی لەمەڕ خۆشـکردنی ئاگری ململانێ ئەتنۆ-نەتەوەییـەکان تێچوو و ئەنجامی نەرێنیی خۆی هەیە: ئەوەی لە سـەرەتادا وەک مافێکی یەکلایەنەی هەر نەتەوەیەکی لەم چەشنە بۆ هەبوونی دەوڵەتی خۆی لە قەڵەم دەدرا، ئێسـتا زۆرتر لە پێشـگریمانەیەک بە قازانجی سەربەخۆیی نەتەوەکان دەچێت کە دەکرێ بەسـانایی هەڵوەشـێندرێتەوە و پووچەڵ بکرێتەوە. و تا کاتێک کە لێکدانەوەیەکی تا ڕادەیەک ڕوون و ڕاشـکاوانە لەو هەلومەرجانە نەخرێتە ڕوو کە تێیدا ئەم پێشـگریمانەیە نسکۆ نەهێنێت و کاری پێ بکرێت، ئەسـتەمە بزانین لێکەوتە کردەییەکانی ئەم ڕوانگە دیاریکراوەی ڕەپاڵدەری-تەوەرییە چین. ئەمەی کە پێویسـتە شرۆڤەیەکە سـەبارەت بەوەی کە چلۆن ئەم پێشـگریمانەیەی کە دەڵێن بە قازانجی بەدەوڵەتبوونی نەتەوەکانە، بە بەراورد لەگەڵ ئیدعاکان و بەهاکان چۆن هەڵدەسەنگێندرێت. لایەنگرانی بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر تا ئێستا وەڵامێکیان لەم بارەوە نەداوەتەوە.

پێشـتر دیتمان کە ڕەخنەگرانی وەشانی ڕەپاڵدەری-تەوەری بیردۆزەکانی مافی سەرەتایی گەرەکیانە جەخت لەتێچووەشیمانەییەکانی پەیوەندیدار بەتۆخبوونەوەی ململانێ ئەتنۆ-نەتەوەییەکانی جێگیرکردنی ئەم ڕوانگەیە لە یاسای نێونەتەوەییدا بکەنەوە. بەڵام، تەنیا باسکردن لە تێچووە شیمانەییەکانی قبوولکردنی بیردۆزی ڕەپاڵدەری-تەوەر و جێکردنەوەی لە یاسای نێونەتەوەییدا بەس نییە. بەڵکوو هەروەها پێویستە لە بەرژەوەندییە گریمانەییەکانی هەبوونی سیستەمێک تێبگەین کە تێیدا مافی نەتەوەکان بۆ بوون بە خاوەنی

دەوڵەتی خۆیـان بەفەرمی ناسراوە. بەم پێیـە، دەیڤید میلەر دوو ڕێگەی پشـتیوانیکردن لە بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر لێک جیا دەکاتەوە: بە ئارگیومێنتگەلێک بۆ پیشاندانی ئەمەی کە نەتەوەکان پێویستیان بە دەوڵەتە یاخود بە ئارگیومێنتگەلێک بۆ پیشـاندانی ئەمەی کە دەوڵەتەکان پێویستە تاک-نەتەوەیی بن (Miller 1995).

چەشـنی یەکەمی ئارگیومێنتـەکان دوو حاڵەتی هەیە: دەکرێ بەڵگانـدن بکردرێت کە نەتەوەکان پێویستیان بەوەیە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، (١) تا بتوانن خۆیان لە لەناوچوون یان لەو هێزگەلە بپارێزن کە هەڕەشـەن بۆ تایبەتمەندیی دیاریکەر و جیاوازیان، یاخود (٢) بە دەربڕینی میلەر، تا هاونەتەوەییەکانیان سـەرچاوەگەلی دامەزراوەییان هەبێت تا بتوانن دەروەسـتی و ئەرکە تایبەتەکانیان لە ئاست یەکتر وەک ئەندامانـی «کۆمەڵێکی ئەخلاقی» بێنن دی. هەردووکی ئەم تێڕامان و سـەرنجانە لە بارودۆخی تایبەتدا دەتوانن لە بەرژەوەندیی فۆرمێک لە چارەیخۆنووسـینی سیاسـی بۆ نەتەوەکان بـن، بەڵام ڕوون نییە کە کامەیان بۆ جێگیرکردنی مافێکی گشـتی بۆ گشـت نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە سـەربەخۆیی تەواو، و بەم شـێوەیە، مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە تەواو و گونجاوە. لە ڕاستیدا، میلەر بۆ پشتیوانی لە دەرەنجامێکی لاوازتر هەردووکیان کۆ دەکاتەوە: ئەمەی کە نەتەوەکان «داوایەکی بەهێزیان» بۆ چارەیخۆنووسین هەیە، بەڵام دیاریی ناکات کە ئەم داوایە کەی دەتوانێت ببێت بە مافێکی تەواو و بێ ئەملا و ئەولا.

هەروەها چەشنی دووەمی پاساودانی ئەم ڕوانگەیە کە نەتەوەکان هەقیانە دەوڵەتی خۆیان هەبێت ژی دوو حاڵەت دەگرێتەوە: یەکەمیان، کە یەکەم دەرکەوتنی لە میژوودا لانیکەم دەگەڕێتە بۆ کتێبەکەی جۆن سـتوارت میل بە ناونیشانی *تێبینییەکان لەسـەر حکوومەتی هەڵبژێردراو* (Mill [1861] 1991)، دەڵێت کە دیموکراسـی دەتوانێت تەنیا لە دەوڵەتگەلی تاک-نەتەوەییدا گەشە بسێنێت، چونکە ئەو دەوڵەتانەی زۆرتر لە نەتەوەیەکیان هەیە لە یەکڕیزی، متمانە، یان هەست و سۆز و بەهاگەلی هاوبەشدا کە پێویستیی دیموکراسـین کەمایەسـییان دەبێت. دووەمیان، کە ئەمیش هەر لە لایەن دەیڤید میلەرەوە خراوەتە ڕوو، دەڵێت کە دەوڵەتەکان بۆ دەسـتەبەرکردنی دادپەروەریی دابەشـکراو دەبێ تاک-نەتەوەیی بن، چونکە دادپەروەریی دابەشـکراو پێویسـتی بە سەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی بەرچاوی سـامان و دارایی بەسەر هاوواڵاتییانە و زەنگینەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا کە وەک هاونەتەوەیی سـەیری هاوواڵاتییە کەمتر خواپێداو و هەژارەکانیان بکەن دەخوازن سـامانەکەیان لەگەڵیان پارڤە و هاوبەش بکەن (Miller 1995). هەردوو فۆرمەکەی ئارگیومێنتی «دەوڵەتەکان پێویسـتە تاک-نەتەوەیی بن» پرسیارگەلی گەلێک سەرنجڕاکێش

سەبارەت بەو هەلومەرجە بە دوای خۆیاندا دێنن کە لە کاتێکدا کە ئەرکە گەوهەرییەکانی دەوڵەت بە باشی و سەرکەوتوویی ڕادەپەڕێندرێن، دەبێ لە ئارادا بێت تا بەرەو ئەم ئارگیومێنتە هانمان بدات.

وا دیارە جۆن ستوارت میل بۆچوون و ڕوانینی خۆی کە دەوڵەتگەلی فرەنەتەوەیی لەگەڵ دیموکراسی ناگونجێن لەسەر بنەمای ئەزموونی مێژوویی دامەزراندبێت. بەڵام، خەڵکانێک بەڵگاندن دەکەن کە نموونەی دەوڵەتگەلی دیموکراتیی فرەنەتەوەیی ژی هەن: وەک کەنەدا، بەلجیکا و لەوانەیە سویسڕا (پەیوەست بەوەی کە لە کۆتاییدا بە فرەنەتەوەیی بیهێنینە هەژمار یاخود بەس فرەئەتنیکی). هەروەها دەکرێ ئەمریکاشی پێوە زیاد بکەین، چونکە زۆربەی هۆزە هیندییە ئەمریکییەکان [سوورپێستەکان] ڕەوش و دۆزێکی یاساییان هەیە کە شان لە شانی سەروەری دەدات.

بێ گومان، لایەنگرە مۆدێرنەکانی ئارگیومێنتی جۆن ستوارت میل خێرا ئاماژە بەمە دەدەن کە بەردەوامی و مانەوەی بەلجیکا و کەنەدا بەهۆی بزاڤە ناسیۆنالیستییە جیابوونەوەخوازەکان، لەژێر پرسیار و دڕدۆنگیدایە. (هەر چۆنێک بێت، لە ئێستادا ئەگەری جیابوونەوەی کێبێک گەلێک لاوازە و ڕێی تێ ناچێت). لە لایەکی ترەوە، دەکرێ بسەلمێندرێت کە گشتاندنی میل بە شێوەیەکی پێشوەختە ڕەشبینانەیە: دیموکراسییە ڕەسەنەکان دیاردەگەلی گەلێک نوێن و تا ئەم دواییانەش کەم تا زۆر هیچ هەوڵێکی جیددی، تەنانەت لە لایەن دەوڵەتگەلی دیموکراتییەوە، بۆ داننان بە داخوازییەکانی نەتەوەگەلی ناوخۆی دەوڵەتەکان، لە ڕێگەی فۆرمە جیاوازەکانی ڕێکخستنی خودموختاری لە ئارادا نەبووە.[۹] کەواتە ڕەشبینیی میل سەبارەت بە دیموکراسییە فرەنەتەوەییەکان، وەک پاساودانێک بۆ بەفەرمیناسینی مافی بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەموو نەتەوەکان، هاوکات لەگەڵ مەترسیی ناسەقامگیری و توندوتیژی کە لەوانەیە بە دوای خۆیدا بێنێت، لای هەندێ کەس لەوانەیە بە کرچ و کاڵ و پێشوەختە بێتە هەژمار. وا دێتە بەرچاو کە ماقوولترین ستراتیژی لەجیاتی دەستبەردان لە ئایدای دەوڵەتگەلی فرەنەتەوە، هەوڵدانە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەوڵەتەکان ڕێز لە مافەکانی مرۆڤی کەمایەتییەکانیان دەگرن و هەروەها هاندانە بەرەو سازان و ڕێککەوتن لەسەر خودموختاریی ناوخۆیی.

وەشانی دووەمی ئارگیومێنتی «دەوڵەتەکان پێویستە تاک-نەتەوەیی بن» هەروەها بەرەوڕووی بەرپەرچدانەوە و دژایەتیی جیددییش بووەتەوە. یەکەم، ئەمەی کە ناسیۆنالیزم ئاسانکاری بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان لە ئاستێکی مەزن و بەربڵاوادەکات یاخود لەباتان پێشی پێ دەگرێت، دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی بەرباس. یەکڕیزیی ناسیۆنالیستی لەوانەیە نەگاتە ڕادەی خواست بۆ

سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان و باندۆری لەسەر نەبێت. دووەم، تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی ئاسانکاری بۆ دابەشکردنەوە دەدات، دەشێ بپرسرێت: چی دیکە ئاسانکاریی بۆ دەکات؟ وا دەردەکەوێت کە میلەر لە بەڵگاندنەکەیدا لەو ڕاستییەوە کە ناسیۆنالیزمێکی ئێجگار ئایدیاڵ و لەڕووی ئەخلاقییەوە شاز و بێخەوش ڕێگە بۆ دادپەروەریی دابەشکاری (یان دیموکراسی) خۆش دەکات، بەو دەرەنجامە دەگات کە نەتەوەگەلی لەم چەشنە مافی ئەوەیان هەیە کە دەوڵەتی خۆیان هەبێت یاخود وەک پێشگریمانەیەک ئەو مافەیان هەبێت. بەڵام گەلێک نموونەی مێژوویی بۆ ئەم بابەتە هەن کە ئەو یەکێتیی نەتەوەییەی میلەر لای وایە بۆ بەدواداچوون و گەیشتن بە دادپەروەریی دابەشکاری دەستەمۆ دەکردرێت، دڕندانە بەرەو داگیرکاری و بە دژی کەسانی سەر بە نەتەوەکانی تر و هەروەها ئەندامانی دژبەر و ناهاوبیری ئەو نەتەوەیە خۆی ئاراستە دەکردرێت.

٤.٢. گونجاندنی بیردۆزەکانی جیابوونەوە لە چوارچێوەی بیردۆزگەلی خاک و دادپەروەریی سەرزەمینیدا

هەروەک لیا بریلمایەر بەدروستی جەختی لەسەر کردووەتەوە، جیابوونەوە تەنێ پێکهێنانی یەکێتییەکی سیاسیی نوێ لە نێوان تاکەکان، یاخود نەچوونە ژێر بار و نکۆلێکردنی کۆمەڵە مرۆڤێک لە ئەرک و دەروەستییان لە ئاست ملدان بە یاساکانی دەوڵەت نییە (Brilmayer 1991). بەڵکوو گرتنی بەشێک لە خاکێکە کە دەوڵەتێک ئیدعای لەسەر هەیە. بەم پێیە، بیردۆزە جیاوازەکانی جیابوونەوە دەبێ وەک داڕشتن و خستنەڕووی لێکدانەوە و شرۆڤەی بەدیل لەو هەلومەرجە ڕەچاو بکردرێن کە پێویستە بۆ گرووپێک لە ئارادا بێت تا داوای خاوەندارێتیی خاکێک بکات کە لە هەمان کاتدا بەشێکە لە خاکی دەوڵەتێک.

ڕێبازی بەس مافی چارەسەری بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە لانیکەم دوو ڕێگەی بۆ ئەوە بەفەرمی ناسیوە کە گرووپێک بتوانێت ئیدعای ڕەوای پێویستی بۆ خاوەندارێتیی خاک هەبێت: (١) داوای وەرگرتنەوەی خاکێک کە لە ڕابردوودا بەسەریدا سەروەر بوون، بەڵام بە نادادپەروەری لێیان داگیر کرابێت (هاوشێوەی جیابوونەوەی کۆمارەکانی باڵتیک لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا)؛ یاخود (٢) بە هەبوونی ئیدعای سەروەری بەسەر خاکدا لە ئاکامی پەنابردنیان بۆ دواپین ڕێچارەیەک بۆ دەربازبوون لە نادادپەروەریی ڕژد و بەردەوام کە بە دژیان لە چەشنی پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە ئارادایە.

خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی بەرفرەتر لە خاڵی دووەم بۆ دیاریکردنی ئەو حاڵەتانە لە نادادپەروەری هەیە کە لە ئاکامیان بکرێت مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بەفەرمی بناسێندرێت. ئەم خوێندنەوەیە نەتەنێ پێشێلکاریی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەڵکوو پێشێلکردنی بەرچاو یاخود هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنەی ڕێککەوتن و پەیمانی خودموختاریی ناوخۆیی لە لایەن دەوڵەتەوە (وەک لەناوبردنی خودموختاریی کۆسۆڤۆ لە لایەن میلاشۆڤیچەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا)، و هەروەها ڕەتکردنەوە و ملنەدان بە بەشداریکردن لە دانوستانەکانی تایبەت بە خودموختاریی ناوخۆیی لەگەڵ ئەو گرووپەی کە داوایەکی ماقوولّی بۆ ئەو خودموختارییە هەیە دەگرێتەوە.

بە گوێرەی خاڵی (١)، بنەمای داوای جیابوونەوەخوازان بۆ خاوەندارێتیی خاک سەرڕاست و دیاریکراوە: تەنیا داوای ئەوە دەکەن کە بەپێی یاسای نێونەتەوەیی بە هی ئەوان دادەنرێت و دان بە خاوەندارێتیی ئەوان بەسەریدا نراوە. بەپێی خاڵی (٢)، بیردۆزی بەس مافی چارەسەری بەو پێشگریمانەیە دەست پێ دەکات کە ئەو دەوڵەتانەی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی ڕەواییان پێ بەخشراوە، ئیدعای پشتڕاستکراویان بۆ خاوەندارێتیی خاکەکەیان هەیە. بەڵام لەپاشان دەڵێت کە وەها ئیدعایەک لە کاتی دەستبردن بۆ شێوازگەلی بەردەوامی نادادپەروەریی ڕژد و جیددی لە ئاست گرووپگەلی ناوخۆی دەوڵەتەکە دەکرێت وەلا بنرێت یاخود هەڵوەشێندرێتەوە و پووچەڵ بکرێتەوە. ئایدیاکە ئەمەیە کە لەو کاتەدا کە جیابوونەوە تەنیا ڕێچارە بۆ دەربازبوون لە نادادپەروەریی ڕژدە ئیدعای دەوڵەت بۆ خاوەندارێتیی خاک دروستی و بەهای نامێنێت و لە کار دەکەوێت.

لە کاتێکدا تیۆریستەکانی مافی سەرەتایی وەک کریستۆفەر وێڵمان هێشتا وەڵامی خۆیان بۆ ئەو دژایەتی و بەرهەڵستییانە بڵاو نەکردووەتەوە کە دەڵێن لە ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەری ویدا بیردۆزی خاک، کە زۆریش پێویستە، جێ نەکراوەتەوە و بەدی ناکرێت، هەندێ گەشە و پێشکەوتن لە دەق و بڵاوکراوەکانی سەبارەت بە مافە سەرزەمینییەکان دەشێ بۆ داکۆکی و لایەنگری لە ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر بەکەڵک بن (گەرچی شێوازی کەڵکوەرگرتن لەمان بۆ ئەم مەبەستە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە حاڵەتی بەکارهێنان بۆ داکۆکی لە بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری سەرڕاستی و ڕاشکاویی کەمتری پێوە دیارە). ئانا ستیلز دەڵێت کە دەوڵەتێک تەنیا و تەنیا لە حاڵەتێکدا خاوەنی مافە سەرزەمینییەکانە کە پارێزگاری لە مافە بنەڕەتییەکان و ئیدعای دادپەروەری بکات و ڕەنگدانەوەی خواستی هاوبەشی دانیشتوانی ناو ئەو خاکە بێت (Stilz 2019, p. 90)، و ئەمانە بە بەهاگەلی *دادپەروەریی بنەڕەتی* و *چارەیخۆنووسینی*

بەکۆمەڵ ناودێر دەکات. ستیلز هەروەها پێی وایە کە دەوڵەتێک لە کاتێکدا کە هەم توانایی و هەم خواستی بەدیهێنانی ئەم بەهاگەلەی هەبێت، دەتوانێت لە خاکێکی دیاریکراودا کە *لە ئێستادا هیچ یەکەیەکی تر خاوەنی مافە سەرزەمینییەکان لەو خاکەدا نییە*، مافی حوکمڕانی دەستەبەر بکات. وێڵمان دەتوانێت لەم تێکهەڵکێشەی دادپەروەریی بنەڕەتی و چارەیخۆنووسینی بەکۆمەڵە بۆ ئەم ئیدعایە کەڵک وەرگرێت کە گرووپێکی جیابوونەوەخواز کە دەنگی زۆرینە پاڵنەر و هێزپێدەریەتی و خواست و توانایی بەدیهێنانی دادپەروەری و مافە بنەڕەتییەکانی بۆ ئەندامەکانی هەیە، دەتوانێت مافی خاوەندارێتیی بەسەر خاکێکدا هەبێت کە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێویستیەتی –هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئیدعای خاوەندارێتیی خاکی دەوڵەتی ماک ڕەت دەکاتەوە. ئەمەی کە کەڵکوەرگرتن و تەرخانکردنی ڕوانگەی ستیلز بۆ ئەم مەبەستە وەڵام دەداتەوە یان نا، پەیوەستە بەوەی کە ئاخۆ ئەو هەلومەرجانەی کە ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی سەرەتایی مافە سەرزەمینییەکان خۆش دەکەن –سازدانی داوایەکی ماقوڵ و ڕەوای خاوەندارێتیی خاک بەسەر ناوچەیەکدا کە لەو کاتەدا هیچ یەکەیەکی تر داوایەکی ماقوڵ و ڕەوای بۆ خاوەندارێتیی نییە– هەر هاوشێوەی ئەو هەلومەرجانەن کە ئیدعای خاوەندارێتی بەسەر خاکێکدا بونیات دەنێن کە هەندێ یەکەی تر تا بەر لەمە هەڵگری مافە سەرزەمینییەکان لەو خاکەدا بوونە یاخود نا. هەندێ لەوانەیە بڵێن کە هەلومەرجەکان بۆ ئەوەی دووەم پێویستتر و قورستر لەوەی یەکەمن.

تێگەیشتنی ستیلز لە بەهای دادپەروەریی بنەڕەتی دەکرێ بە مەرجی بەدەوامبوونی وێڵمان بهێندرێتە دی، و مەرجی دەنگی زۆرینەی سادەی وێڵمان ڕاستەوخۆ لەو ئاراستەیە جێ دەگرێت کە ستیلز بە بەهای چارەیخۆنووسینی بەکۆمەڵ، واتە بەپێی خواستی هاوبەش، لێی تێدەگات. وێڵمان دەتوانێ بڵێ کە گرووپێک کە دەنگی بە جێهێشتنی دەوڵەت و بوون بە دیاریکەری سەربەخۆی چارەنووسی خۆی داوە چیتر ویستی سیاسیی گرێپێدراوی لەگەڵ هاوواڵاتییانی بەرفرەتری دەوڵەتی ماک نییە. ستیلز لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە بەشێکی گرنگ لە ویستی سیاسی خواست و/یا حەز و ئارەزووی بەشداریکردن (یاخود دریژەدان بە بەشداریکردن) لە پرۆژەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەندامانی دەوڵەتە گەورەترەکەیە. دەنگدان بە جیابوونەوە هێما و دەربڕینێکی ڕوون و ڕاشکاو بەوەیە کە وەها خواست و حەزێک چیتر لە لای زۆرینەیەک لەو دەنگی گەلە بەدی ناکرێت –ئەوان دان بەو دامەزراوانەی ئێستا لە ئارادان نانێن و هیچ دەروەستییەکیان بۆ هاوکاری لەگەڵیان نییە. بەم شێوەیە، ناکرێ چیتر دەوڵەتی ماک بە ڕەنگدانەوە و وێنای ویستی هاوبەشی گەل بزانین. کەواتە، وێڵمان بە کەڵکوەرگرتن لە بیردۆزی خاکی ستیلز، دەتوانێ بیسەلمێنێ کە ئیدعای گرووپی جیابوونەوەخواز بۆ خاکی جێی مشتومڕ و ناکۆکی بەڕوونی لە

ئیدعای دەوڵەتی ماک بەهێزترە. ئەمەی کە ئەم بەکارهێنانەی ڕوانگەی ستیلز بۆ ئەم مەبەستە بڕ دەکات یان نا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاخۆ دەکرێ ئایدیای ویستی هاوبەش تا ئەو ڕادەیە بەبایەخ و بنگەهی لێکدانەوەی بۆ بکردرێت و پیشان بدرێت کە لە حاڵەتی نەبوونی لە لای هەندێ گرووپی ناو چوارچێوەی دەوڵەتدا ئیدعای دەوڵەتێکی ڕەوا بۆ خاوەندارێتیی خاک تێک بشکێنێت و وەلای بنێت.

ڕوانگەی گشتپرسی-تەوەر هەروەها بەرەوڕووی ئەم ڕەخنەیە بووەتەوە کە ناتوانێت بەرگری لە دانەپاڵی مافە سەرزەمینییەکان بەو گرووپە دیاریکراوەی بە شوێن سەربەخۆییە بکات. لێرەدا ژی تیۆریستەکانی گشتپرسی-تەوەر لەوانەیە لە ستیلز قەرز وەرگرن. ستیلز جگە لە بەهاگەلی دادپەروەریی بنەڕەتی و چارەیخۆنووسینی بەکۆمەڵ، بە ڕادەیەکی بەرچاو جەخت لە مافەکانی نیشتەجێبوون دەکاتەوە. بە ڕوانگەی وی، هەر گرووپێک دەبێ مافی نیشتەجێبوونی بەسەر ئەو خاکە تایبەتەدا هەبێت کە تێیدا هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری دەدات (Stilz 2019, ch. 2). وێڵمان پێشتر دانی بەمەدا ناوە کە هەڵوێستی وی پێویستی بە مافەکانی نیشتەجێبوونە، بەڵام تا ئێستا شی نەکردووەتەوە کە ئەم مافانەی نیشتەجێبوون چ بابەتگەلێک دەگرنەوە. لەوانەیە ڕوانگەی وی پشتئەستوور بە جەختکردنەوەی ئەو ئایدیایەی ستیلز بێت کە مافەکانی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای گرنگیی ناوچەیەک بۆ کولتوور و شێوازی ژیانی گرووپێک بونیات نراون. وەها ڕاڤەیەک لە مافەکانی نیشتەجێبوون دەکرێ بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتە کەڵکی لێ وەرگیرێت کە چلۆن سنووورەکانی گشتپرسی لەسەر جیابوونەوە دەبێ دیاری بکردرێن.

سەرەڕای ئەمە، کەڵکوەرگرتن و پەنابردنی تیۆریستەکانی گشتپرسی-تەوەر بۆ مافەکانی نیشتەجێبوون دەشێ ببێتە شمشێرێکی دوو دەم. ئەوانەی دژایەتیی جیابوونەوەیەکی تایبەت دەکەن لەوانەیە بڵێن کە خاوەن مافی نیشتەجێبوون لە سەرانسەری خاکی ئەو دەوڵەتەن کە بە هاوواڵتیی وێ دادەندرێن و بۆ ئەوەی مافی نیشتەجێبوونیان لە بەشێکی تایبەت و دیاریکراویدا هەبێت لە ڕاستیدا پێویستیان بە هەبوون لەو بەشەی ئەم خاکەدا نییە. گەر دەوڵەتێک ئیدعایەکی ڕەوای بۆ خاکێک هەبێت و ڕێگە بە ئازادیی جێگۆڕکێ و ڕاگواستن لە ناوخۆی سنووورەکانی بدات، گشت هاوواڵتییان بە شێوەیەکی ئاسایی وا لێکی دەدەنەوە کە مافی نیشتەجێبوونیان لە سەرانسەری پانتایی ئەو خاکەدا هەیە، نەک تەنیا لەو بەشەی کە لە ئێستادا لێی نیشتەجێن.

تیۆریستەکانی مافەکانی گشتپرسی-تەوەری دەتوانن بە شێوەی خوارەوە وەڵام بدەنەوە. تەنانەت گەر هەموو هاوواڵتییانی ئەو دەوڵەتە مافی نیشتەجێبوونیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ناوچەیەی خەریکە

جیا دەبێتەوە هەبێت، بێ گومان ئەوانەی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەن مافەکانی نیشتەجێبوونیان پڕبایەختر و قورسایی زۆرترە، لانیکەم گەر بوون لەو ناوچەیە بۆ پرۆژە تاکەکەسی و بەکۆمەڵییەکانیان گرنگی و بایەخی هەبێت.

هێنانەبەرباسی ئەم بابەتە لەم بڕگەیەدا تا ئێستاکە دەریخستووە کە هەر سێ چەشنە سەرەکی و دیارەکەی بیردۆزەکان (بەس مافی چارەسەری، گشتپرسی-تەوەر و ڕەپاڵدەری-تەوەر) کەموکورتی و کەمایەسییەکی جیددییان هەیە: ئەوان ڕوانگەکانی خۆیان لەسەر جیابوونەوە لە چوارچێوەی بیردۆزێکی گشتگیری دادپەروەریی سەرزەمینی جێ ناکەنەوە. ئامانجی بیردۆزی دادپەروەریی سەرزەمینی ئەوەیە کە لانیکەم ئەو چوار خاڵەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدرێت بهێنێتە دی، کە هەموویان پەیوەندیدار بە بیردۆزگەلی جیابوونەوەن. یەکەم، دەبێ لێکدانەوەیەکی پتەو و یەکانگیر لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئیدعاگەلی ئەخلاقیی پشتڕاستکراو بۆ خاک بدات بە دەستەوە، هەر لە ئیدعاگەلی تایبەت بە دەسەڵاتی یاسایی تەواو سەروەر تا ئیدعاگەلی تایبەت بە کۆنترۆڵی سنووردارتری دەسەڵات کە بۆ جۆرە جیاوازەکانی خوموختاریی ناوخۆیی پێویستە (حاڵەتگەلێک لە چارەیخۆنووسین کە سەربەخۆیی تەواو ناگرنەوە)، تا ئیدعاگەلی پەیوەست بە بەشداریکردن لە فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی هاوبەشدا. دووەم، کە هەر پەیوەندیدار بە خاڵی یەکەمە، دەبێ ڕوونکردنەوەیەکی پتەو و یەکانگیر لەوە بخاتە ڕوو کە کام توخمانەی کۆنترۆڵ بەسەر خاکدا پاساوهەڵگرن. بیردۆزی خاک نەتەنێ بیردۆزی پانتایی جوگرافیی دەسەڵاتی یاساییە، بەڵکوو هەروەها دەبێ بیردۆزێک بێت بۆ مافی کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ناو خاکێک، مافی بەرگری لە هەمبەر داگیرکردنی خاک، مافی کۆنترۆڵ بەسەر هاتوچۆی خەڵک و هەنارده و هاوردەی شتومەک لە سنووورەکان، و هتد.

سێیەم، دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە کامە گرووپانە بە چ شێوازێک و لە چ ڕێگەیەکەوە بە کام خاک گرێدراون. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بنەماکانی ڕێنوێن و ئاراستەکەری دیاریکردنی سنووورەکان و بنەماکانی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی لەمەڕ سنووورەکان ڕوون بکرێنەوە. خاڵی کۆتایی، پێویستە بیردۆزێک بۆ ئەوە هەبێت کە چ چەشنە بکەرێک مافی بەسەر خاکەوە هەیە (گەلۆ نەتەوە؟ هەروەک لە بیردۆزی میلەردا (2007) ئاماژەی پێ دراوە؛ یان گرووپێکی ئەتنیکی-جوگرافی؟ هەروەک کۆلەرس (2009) باسی لێ کردووە؛ یاخود گەلێک؟ بە گوێرەی ڕوانگەی مۆڕ (2015) و ستیلز (2019)) و چلۆن ئەم گرووپانە بە دەوڵەت گرێ دەدرێنەوە.

لەســەر هەرکام لە چەشنەکانی بیردۆزی جیابوونەوە، کۆمەڵێک پرسیاری وەڵامنەدراو و بەرهەڵستی و ڕەخنەی ڕێتێچوو ســەبارەت بە دادپەروەریی ســەرزەمینی هەن. بۆ نموونــە، بیردۆزەکانی بەس مافی چارەســەری، کە داگیرکردن و زەوتکردنی نادادپەروەرانەی خاک بە یەک لەو نادادپەروەرییانە دادەنێن کە دەکرێ ببنە هۆکاری (داوا-)مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە، دەبێ ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو گرفتە بخەنە ڕوو کە لە شوێنی تر بە کێشەی یاسای ئەخلاقیی ماوەی سنووردار[1] ناوی دەرکردووە (Buchanan 1991: 88): ڕێپێدان بەو داوایانەی سەربەخۆیی کە لەســەر بنەمای کردەوەی نادادپەروەرانەی ڕابردوو بونیات نراون تا چ ماوەیەک پاش ئەو کردەوەیە لەســەر جێی خۆی دەمێنێتەوە و بەردەوامە –گرووپێک تا چەندە دەتوانێت بە مێژوودا بگەڕێتەوە دواوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە شیاوە و مافی ئەوەی هەیە کە دەوڵەتی خۆی هەبێت چونکە پێشتر دەوڵەتی هەبووە؟

خاڵی جێی بایەخ ئەمەیە کە بیردۆزێکی بەس مافی چارەسەری لەمەڕ مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە لە ئەنجامدا تەنیا کاتێک پاساوهەڵگرە و دەکرێ بەرگریی لێ بکرێت کە پشت بە شرۆڤەیەکی ڕێتێچوو ببەســتێت کە شــیی بکاتەوە چ شــتێک لە ســەرەتاوە مافی ئەوە بــە دەوڵەتێک دەدات کــە کۆنترۆڵی بەســەر خاکێکدا هەبێت. بەبێ وەهــا شرۆڤەیەک، ڕوانگەی بەس مافی چارەســەری وا دێتە بەرچاو کە بە شــێوەیەکی هەڕەمەکی و نالۆژیکی پاراستنی دۆخی ئێستا بە ســەرتر و باشتر دەزانێت، بەو شێوەیەی کە جیابوونەوەخوازان ناچار دەکات کە بۆ ســەلماندن و جێگیرکردنی ئیدعای خۆیان بۆ خاوەندارێتیی خاک، ئەرکی ئەوە وە ئەســتۆ بگرن کە پیشــان بدەن کە کەوتوونەتە بەر نادادپەروەریی ڕژد و بەردەوام. بــۆ وەڵامدانەوە بەم ڕەخنەیە، تیۆریســتەکانی بەس مافی چارەســەری دەبێ بیردۆزێکی ڕەوایی لەســەر بنەمــای دادپــەروەری بخەنە ڕوو و بەرگریی لــێ بکەن کە بەڵگاندن بۆ ئەمە بــکات کە ئەوەی بناغەی ئیدعــای دەوڵەت بۆ خــاک پێک دێنێت مەرجی دابینکردنی دادپەروەرییــە، و هەروەها ئەوەی کە بەم هۆکارەیــە کە تەنێ نادادپەروەریی ڕژد و جیددی دەتوانێت ئەو ئیدعایە هەڵوەشــێنێتەوە (وەها شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی ڕەوایی لە Buchanan 2013دا بەردەســتە). بیردۆزی مافی چارەســەری بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتە لەســەر خۆی لا بدات کە بیردۆزی تایبەت بە مافە ســەرزەمینییەکانی، بە کورتی و لە ئاســتێکی نزمدا دان بە بەهای چارەیخۆنووســین دەنێت، دەبێ پیشــان بدات کە لە هەندێ حاڵەتدا دەکرێ داوای

---

۱. بنەمایەکی ئەخلاقی کە بە شــێوەیەکی یاســایی ماوەیــەک دیاری دەکات کە هەرکات ئەو ماوەیە بەســەر چوو مافی خاوەندارێتیی داراییەک لە خاوەنەکەی دەستێندرێتەوە، یاخود دەستبردن بۆ کردەوەیەک چیتر پاساوهەڵگر نابێت. -وەرگێڕ

گرووپێکی جیابوونەوەخواز بۆ چارەیخۆنووسین، بەپێی پێویست لانیکەم لە حاڵەتەکانی پێکهاتەی خودموختاریی ناوخۆییدا جێ بکرێتەوە و بگونجێندرێت، کە سڕینەوەی ئیدعای دەوڵەت بۆ هەموو خاکەکەیشی لێ ناکەوێتەوە. و هەروەها پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی بنەمایی بدات بە دەستەوە کە چ کاتێک داوای چارەیخۆنووسین لە ڕێگەی پێکهاتەی خودموختاریی ناوخۆیی، بەبێ سەربەخۆیی تەواو، بەپێی پێویست دەهێندرێتە دی.

۵.۲. بەراوردکردنی بیردۆزگەلی دامەزراوەیی بەرتەسک و بیردۆزگەلی دامەزراوەیی بەربڵاو

ڕێگەیەکی ڕوونکەرەوەی تر بۆ پۆلێنبەندیی بیردۆزەکانی جیابوونەوە هەیە. هەروەک لە بەشی (۳.۲) دا ئاماژەی پێ درا، هەندێ لە بیردۆزەکان لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراون کە تەنیا دامەزراوەگەلێکی پەیوەست بە هەندێ فاکتی تایبەت دەتوانن دیاری بکەن چ کاتێک گرووپێک مافی جیابوونەوەی هەیە. بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر کە لە لایەن ئالّتمان و وێلّمانەوە (2009) خراوەتە ڕوو، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو تەنیا فاکتە دامەزراوەییانەی کە بایەخیان هەیە ئەمانەن: گەلۆ ئەو گرووپەی داوای جیابوونەوە دەکات دەتوانێت ئەو دامەزراوانەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پێویستنی بونیاتیان بنێت و گەلۆ دامەزراوەگەلی دەوڵەتی پاشماوە هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنن کە درێژە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بدات؟ بە واتایەکی تر، بە بۆچوونی ئەوان، ئەو تەنیا بەرژەوەندییە دامەزراوەییانەی پەیوەستن بە دیاریکردنی ئەو بابەتەی ئاخۆ مافێک بۆ جیابوونەوە لە ئارادایە یان نا، بەرژەوەندییەکانی لایەنی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەوڵەتی نوێ و دەوڵەتی پاشماوەن. لە ڕاستیدا، ئەم بیردۆزە ڕێک وەک پرس و بوویەرێکی دوولایەنە مامەڵە لەگەڵ جیابوونەوە دەکات، تا ئەو شوێنەی کە بابەتەکە بگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی پەیوەست بە دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ گرووپێک مافی هەیە جیا ببێتەوە یاخود نا. لە بەرامبەردا، بیردۆزی بیوکانان پێی وایە کە دەکرێ لایەنەکانی تر کۆمەڵێک بەرژەوەندیی ڕەوایان هەبێت کە گرێدراون بە بابەتی دیاریکردنی ئەوەی کە مافەکانی لایەنە سەرەکییەکان چین. بەتایبەتی، بیوکانان دەڵێت کە بەرژەوەندیگەلی دامەزراوەیی نێونەتەوەیی پەیوەستن بەو بابەتەوە، لەوانە دەکرێ ئاماژە بەو بەرژەوەندییە بکرێ کە لە پێشگرتن لە پێشێلکارییەکانی بواری مافەکانی مرۆڤدایە کە بە ئەگەری زۆر لەو حاڵەتانەی جیابوونەوە کە ناکۆکی و کێشمەکێشیان لەسەرە ڕوو دەدات، و هەروەها ئەو بەرژەوەندییەی لە ئەنجامی پاراستنی پەیوەندیی جێگیر و ئاشتیخوازانەی نێوان دەوڵەتەکان دەستەبەر دەبێت.

ئالّتمان و وێڵمان دەشێ وەڵام بدەنەوە کە مەرجی بەردەوامبوونی دەوڵەت، کە مەرجی بیردۆزی ئەوانە، بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانی سێیەمیش ڕەچاو دەکات و دێنێتە هەژمار. بەتایبەتی، بەدیهێنانی ئەم مەرجە لە ڕێگەی هەبوونی دەوڵەتگەلی سەقامگیر و بەردەوام و لە ڕێگەی دابینکردنی دادپەروەری کە هاوکات لەگەڵ بەجێگەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت دێتە دی، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانی سێیەمیش دەکات.

کێشەی ئەم وەڵامە ئەوەیە کە لە کاتێکدا کە دان بەمەدا دەنێت کە بەرژەوەندییەکانی لایەنی سێیەم دەکرێ گرێدراو بە بابەتی دیاریکردنی ئەوەبن کە ئاخۆ گرووپێک مافی جیابوونەوەی هەیە یاخود نا، پێمان ناڵێت کە بۆچی دەبێ بەرژەوەندییە ڕەواکانی لایەنی سێیەم بەم شێوازە و بەم ڕادەیە سنووردار بکرێنەوە. بۆچی بەرژەوەندیی دەستەبەرکراو لە ئاکامی پاراستنی سازی و پێکهاتەیەکی سەقامگیر لە دەوڵەتەکان و هەروەها لە ئاکامی پێشگرتن بەو جۆرە لە ئاریشە و قەیرانە ئەمنییانەی کە لە دۆسیەکانی جیابوونەوە (بەتایبەتی حاڵەتەکانی گێڕاندنەوەخواز لە جیابوونەوە) دەکرێ بێنە ئاراوە، بە بابەتی دیاریکردنی فۆرم و پلانی مافی جیابوونەوە گرێدراو نین؟ لە ئەنجامدا، ئەمەی کە گرووپێک (داوا-)مافی جیابوونەوەی هەیە یاخود نا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئاخۆ لایەنەکانی تر پاساوی گونجاو و قایلکەریان بۆ دەستنەبردن و خۆلادان لە هەوڵ بۆ پێشگرتن بەو جیابوونەوەیە هەیە، و هەروەها لە لایەکی ترەوە، دەکرێ بگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتەی کە ئەم جیابوونەوەیە ئەگەری هەیە کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر بەرژەوەندییە ڕەواکان هەبێت یان نا، یەک لەوان ئەو بەرژەوەندییەی لە زیندوومانەوە و بەردەوامبوونی دەوڵەتی پاشماوە و دەوڵەتی نوێدایە، و نموونەی تریش هەن.

ئەمە بووەتە خاڵی لاوازی بیردۆزەکانی گشتپرسی-تەوەر لە هەمبەر ئەم ڕەخنەیە کە بەرەوڕووی بووەتەوە: وای بێننە بەرچاو کە گرووپێک لەناو دەوڵەتێکی ڕەوا و تا ڕادەیەکی گونجاو دادپەروەردا لە بەشێک لە خاکی ئەو دەوڵەتەدا زۆرینەیە و گەرەکیەتی دەوڵەتی خۆی هەبێت. ئەمەی کە ئاخۆ مافی جیابوونەوەیان هەبێت یان نا گرێدراوە بەوەی کە دەوڵەتانی تر پاساوی گونجاویان بۆ ئەوە هەیە کە دەست لە دەستێوەردان لە هەوڵی جیابوونەوەی ئەوان بپارێزن یاخود نا (چونکە ئەو مافەی باسی لێ دەکەین داوا-مافێکە کە هەڵگری دەروەستییەکی دووڵایەنە و پێکبەستراوە بۆ ئەوەی تەداخول لە جیابوونەوەدا نەبێت). بەڵام ئەمەی کە ئاخۆ دەوڵەتانی تر دەبێ دەست نەبەن بۆ دەستێوەردان لە هەوڵێکی جیابوونەوە یاخود تەداخول لە هەوڵی دەوڵەت بۆ پێشگرتن بەم جیابوونەوەیە نەکەن، دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتە کە

ئاخۆ بڕیاردان و جوولّانەوە بەو شێوازە دەتوانێ یارمەتیی دامەزراندنی نۆرمێکی نوێی یاسای نێونەتەوەیی باو بدات کە ڕێگە بەو گرووپانەی لە بەشێک لە خاکدا زۆرینەن بدات کە بە شێوەی یەکلایەنە دەولّەتی خۆیان بەبێ دەستێوەردان دامەزرێنن. لە حالّەتی نەبوونی دامەزراوەگەلی بێلایەن بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چ کاتێک بە گوێرەی بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر هەلومەرجەکان بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە دێنە دی، وەها نۆرمێکی نوێ و گەلێک ئاسانگر و ڕێدەرتری یاسای نێونەتەوەیی باو مەترسیدار دەبێت؛ دەشێ هانی ئەو مەلەفانەی جیابوونەوە بدات کە تەنانەت مەرجەکانی بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر خۆیشی تێدا نەهاتبێتە دی و جێبەجێ نەکرابن. کەواتە، هەروەک لە حالّەتی جیابوونەوەی گێڕاندنەوەخوازدا دەبیندرێت، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا، وا دێتە بەرچاو کە لەم حالّەت و ڕەوشانەدا ژی بە هەمان شێوەیە. ئەمەی کە ئاخۆ لەسەر دەولّەتانی تر پێویستە دەستێوەردان لە هەولّێکی جیابوونەوەدا بکەن، و لەم ڕووەوە ئاخۆ گرووپێک مافی جیابوونەوەی هەیە یان نا، دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ فاکتەری جیاواز لەوانەی بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر ڕێگە بە ڕەچاوکردن و بەهەژمارهێنانیان دەدات.

گەر ئەمە ڕاست بێت کە کۆمەلّە بەرژەوەندییەکی ڕەوا بە بابەتی دیاریکردنی سروشت و کرۆکی مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە گرێدراون، و گەر پانتایی باندۆر و ڕادەی کاریگەریی جیابوونەوە بەسەر ئەم بەرژەوەندییانە بەستراو بە سەرچاوەگەلی دامەزراوەیی بێت کە ئێستا بوونیان هەیە، لەوانە نەتەنێ ئەوانەی دەولّەتی پاشماوە و دەولّەتی نوێ، بەلّکوو هەروەها ئەوانەی ڕێکخراوەگەلی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بیردۆزێکی مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە پێویستە لە هەموو ئاستێکدا ئەو ڕاستییە دامەزراوەییانەی ئێستا لە ئارادان ڕەچاو بکات و بیانهێنێتە هەژمار. دواییـن کاری بیوکانان ڕێک لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە. بیوکانان دەڵێت کە مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە گرێدراو بە دامەزراوەیە، بەو واتایە کە ئەمەی کە گەلۆ گرووپێک مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوەی هەیە یان نا، بەستراوەتەوە بە سروشت و کرۆکی ئەو دامەزراوانەی ئێستا لە ئارادان و ئەوەی کە ئاخۆ ئەو دامەزراوانە دەتوانن بەپێی پێویست ئەو مەترسییانە دامرکێنن و کەم بکەنەوە کە جیابوونەوە بەرەوڕووی ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەی دەکاتەوە کە لەڕووی ئەخلاقییەوە پڕبایەخن. ئەمە بەو واتایەیە کە دارشتنی دروستی بیردۆزی مافی جیابوونەوە پێویستی بـە گریمانەگەلێکی پشتئەستوور بە ئەزموون هەیە کە ئەو خاڵانەی تێدا دیـاری کراین: (۱) کۆمەلّێک لـە بەرژەوەندیگەلی لەڕووی ئەخلاقییەوە گرنگ کە لە حالّەتی جۆراوجۆری جیابوونەوەدا دەکەونە ژێر مەترسی، و (۲) ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دامەزراوەکان لە کاڵکردنەوە و کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەدا. گەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە وا دێتە بەرچاو کە هەردوو ڕوانگەی بەس مافی چارەسەری

و مافی سەرەتایی ناتەواون و کەموکورتییان هەیە، چونکە هیچکامیان ڕەچاوی ئەم گریمانە ئەزموونییە گرنگانەیان نەکردووە.

٦.٢. بەراوردکردنی بیردۆزەکانی جیابوونەوە

تا ئێستاکە بەجێیە بڵێین کە هیچکام لەم بیردۆزە ڕکابەرانە بەو شێوەیە دانەڕێژراون کە بکرێ هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارییانەی مسۆگەر ئەنجام بگیرێت. هەرکام لەم بیردۆزانە بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرسیاری وەڵامنەدراو و ڕەخنەی ڕێنێچوو بوونەتەوە.

هەر سێ چەشنەکەی ئەم بیردۆزانە پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو و قایلکەر بپەرژێنە سەر ئەو بابەتەی کە دەکرێ پێی بگوترێت کێشەی دەنگی ڕەسەن. سەبارەت بە بیردۆزەکانی ڕەپاڵدەری-تەوەر و بەس مافی چارەسەری، ئەمە بەو واتایەیە کە وەڵامێکی لۆژیکی و بەڵگەمەند بەو پرسیارە بدەنەوە کە «چ شتێک بە بڕیارێکی ڕەسەن بۆ هەوڵ بۆ جیابوونەوە دێتە هەژمار؟» (گەلۆ بەر لەوەی بگوترێت کە گرووپێکی تایبەت بڕیاری داوە کە مافی خۆی بۆ جیابوونەوە بەکردەیی بکات، ڕێگەیەکی دیاریکراو و ڕاشکاوانە بۆ دیاریکردنی ئەو بابەتە هەیە کە چ چەشنە زۆرینەیەک بۆ پشتیوانی لە جیابوونەوە پێویستە؟) بە هەمان شێوە، لەسەر بیردۆزەکانی مافی گشتپرسی-تەوەر پێویستە کە بەر لەوەی بگوترێت کە مافی جیابوونەوە هەیە، بەپێی لۆژیک و بنەماکان ڕوونی بکەنەوە کە ئەو زۆرینەیەی پشتیوان و لایەنگری جیابوونەوەیە دەبێ چەندە گەورە بێت؟

جگە لەمە، هەر سێ چەشنەکەی ئەم بیردۆزانە دەبێ بە شێوەیەکی ماقوواڵ و قایلکەر ڕوانگەی خۆیان لەسەر مافەکانی ئەو دانیشتووانانەی ناوخۆی هەرێمی جیاوەبوو کە دژی جیابوونەوەن دەربڕن. بۆ نموونە، دەکرێ لە هەندێ حاڵەت و بارودۆخدا نەیاران و بەرهەڵستانی جیابوونەوەخوازان هاووڵاتێتیی دووانەیان پێ بدرێت، بەم شێوەیە کە بتوانن هاووڵاتێتیی خۆیان لەو دەوڵەتەدا بپارێزن کە جیابوونەوەی تێدا ڕوو دراوە؟ گەلۆ هیچ حاڵەت و ڕەوشێک هەیە کە ئەوان تێیدا شیاوی قەرەبووکرانەوەی ئەو خەسار و زەرەرانە بن کە لە پرۆسەی دامەزرانی دەوڵەتی نوێدا، کە دەشێ یاساکانی خاوەندارێتی تێیدا جیاواز لە دەوڵەتی پێشوو بێت، بەریان دەکەوێت؟

لە ئەنجامدا، هەروەک پێشتریش گوترا، پێویستە ئاماژەکانی هەرکام لەم بیردۆزانە بۆ یاسای نێونەتەوەیی لە بابەتی جیابوونەوەدا شی بکرێنەوە. لە بەشی دادێدا، بەکورتی پەیوەندیی نێوان ڕوانگەکان

سەبارەت بە (داوا-)مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە و ئەو پرسیارەی کە یاسای نێونەتەوەیی دەبێ چ هەڵوێستێک لە هەمبەر جیابوونەوەی یەکلایەنە بگرێت شەنوکەو دەکەین.

۳. جیابوونەوە و بیردۆزی شەڕی ڕەوا

کەمایەسی و کەلێنێکی تری دەقی فەلسەفی لەمەڕ جیابوونەوە، کە جیددیترە لە سەرنەکەوتن لە یەکخستن و جێکردنەوەی جیابوونەوە لە بیردۆزێکی گشتگیری دادپەروەریی سەرزەمینیدا، نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بیردۆزی شەڕی ڕەوایە. لەو ململانێ و ناکۆکییانەی لەسەر ئەرزی واقع ڕوو دەدەن، کە تێیانـدا گرووپێک داوای مافی جیابوونەوە دەکات و دەوڵەت دروستیی ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە، زۆربەی کات یەکێک لەم لایەنانە یان هەردووکیان هانا دەبەنە بەر هێز. بەڵام بەس چەسپاندن و بەفەرمیناسینی ئەوەی کە گرووپێک مافی جیابوونەوەی هەیە ئەو پرسیارە وەڵام ناداتەوە کە گەلۆ ئەو گرووپە ڕێگەپێدراوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکەی کە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆیە، لە هێز کەڵک وەرگرێت. (بە شێوەیەکی گشتی، تەنێ هەبوونی مافی X بە واتای ڕێگەپێدراوبوون بۆ کەڵکوەرگرتنی لە هێز بۆ دەستەبەرکردنی X نییە). بە هەمان شێوە، گەر ئەو گرووپە مافی جیابوونەوەی نەبێت، دەشێ هێشتا ئەوە بۆ ئەو دەوڵەتە پاساودراو و ڕێگەپێدراو نەبێت کە لە هێز بۆ پێشگرتن لە جیابوونەوەی ئەو گرووپە کەڵک وەرگرێت. خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە کە بیردۆزە فەلسەفییەکانی جیابوونەوە لە نێوان هەبوونی مافی جیابوونەوە و ڕێپێدراوبوون بۆ کەڵکوەرگرتن لە هێز بە مەبەستی بەکردەییکردنی ئەو مافە جیاوازییان دانەناوە. ئەو بیردۆزانە هەروەها باسیان لەو هەلومەرجانە نەکـردووە کە تیایدا دەوڵەتەکان خاوەنی مافی بەکارهێنانی هێز بۆ ڕێگریکردن لە حاڵەتگەلێکی جیابوونـەوەن کە جیابوونەوەخوازان مافی ئەخلاقیی جیابوونەوەیـان نییە. ئەم بابەتە بەتایبەتی بـە ڕەچاوکردنی بووژانەوە و سـەرهەڵدانەوەی تیۆریزەکردنی فەلسەفی سەبارەت بە شەڕی ڕەوا سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە.

خاڵی گەوهەری لێرەدا ئەمەیە کە ڕەوتی سـەرەکیی بیردۆزی شـەڕی ڕەوا نـە لەگەڵ ئەو دەربڕینە هاوڕایە کە پێشێلکردنی هەر مافێک دەتوانێت پاساوی بەکارهێنانی هێز بدات، و نە لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە کە بەکارهێنانی هێز گەر بۆ مومارەسـەکردنی سـەرکەوتووانەی هەر مافێک پێویست بێت، ڕێگەپێدراو و پاسـاودراوە. بەڵکوو، ڕوانگەی زاڵ ئەمەیە کە لیسـتەی هۆکارە ڕەواکان (ئەو ئامانجە ڕەوایانەی کە بە هەڵگیرساندنی شەڕ دێنە دی) زۆر سنووردارتر و بەرتەسکتر لەمەیە، و دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو بڕوایە بێت

کە بەکارهێنانی هێز تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراو و پاساوهەڵگرە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی نادادپەروەریی زۆر جیددی یاخود بۆ مومارەسەکردنی کۆمەڵە مافێکی زۆر گرنگ پێویست بێت و هەروەها مەرجێکی هاوڕێژەیی بێنێتە دی.

ڕوون نییە کە چلۆن بیردۆزی شەڕی ڕەوا و بیردۆزی جیابوونەوە دەبێ گرێ بدرێنەوە. بەڵام، وا دێتە بەرچاو کە بەکارهێنانی هێز لە لایەن جیابوونەوەخوازانەوە لە چوارچێوەی بەشێک لە بیردۆزەکانی جیابوونەوەدا زۆرتر لە بیردۆزەکانی جیابوونەوەی تر دەتوانێت ئاریشە و ئاڵۆزی بنێتەوە. بۆ نموونە وای دانێن کە زۆرینەیەک لە خەڵکی دانیشتووی بەشێک لە خاکی دەوڵەتێکی ڕەوا بڕیار بدەن کە دەوڵەتی خۆیان لەو بەشەدا دامەزرێنن، سەرەڕای ئەم ڕاستییە کە نەبوونەتە قوربانیی هیچ نادادپەروەرییەکی دەستی دەوڵەتەکە. بەپێی بیردۆزی گشتپرسی-تەوەر، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە جیا ببنەوە (تا ئەو کاتەی کە یەکە نوێیەکە و دەوڵەتی پاشماوە بتوانن بەپێی پێویست ئەرکە سەرەکییەکانی حکوومەت ڕاپەڕێنن). گەر دەوڵەت ڕەتی بکاتەوە کە داموودەزگاکانی لەو ناوچەیە بکێشێتەوە، یان دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەسەر ئەو بەشە لە خاکەکەی بدات بە جیابوونەوەخوازان، و هتد، گەلۆ ڕێگەپێدراو و پاساوهەڵگرە کە جیابوونەوەخوازان دژی دەستوپێوەندەکان و ناوەندەکانی دەوڵەت هێز بەکار بێنن؟ گەلۆ بەس خواست بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی خۆیان پاساوی تێوەگلان لە پرۆسە و هەنگاوێکی کردەیی دەدات کە پێ دەچێت ئاکامەکەی توندوتیژیی بەربڵاو بێت؟ کێشەکە لێرەدا ئەمەیە کە ئەو نیاز و مەبەستەی کە جیابوونەوەخوازان دەتوانن بۆ پاساودانی ئەو هەنگاوە کردەییە پەنای بۆ بەرن، بەپێی پێویست لەگەڵ تێگەیشتنی باو لە هۆکاری ڕەوا ناگونجێت و یەک نەگرێتەوە. بەپێچەوانەوە، بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری وا دەردەکەون کە، لانیکەم لە بنەمادا، لەگەڵ ڕەوتی سەرەکیی بیردۆزی شەڕی ڕەوا یەکانگیر بن، چونکە بیردۆزی شەڕی ڕەوا قەرەبووکردنەوەی نادادپەروەریی جیددی (و نەک بەس خواست و حەز بۆ هەبوونی یەکەی سیاسیی خۆ) وەک هۆکارێکی ڕەوا بەفەرمی دەناسێت و دانی پێدا دەنێت.

سەرەڕای ئەمەش، بیردۆزێکی تەواو پەرەسەندووی بەس مافی چارەسەری دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لە چ کاتێکدا نادادپەروەری تا ئەو ڕادەیە جیددی دەبێت کە لە بارودۆخێکدا کە مەترسییەکی بەرچاوی توندوتیژیی بەربڵاو لە ئارادایە، ڕێگە بە جیابوونەوە بدات. بێ گوێدانە ئەوەی لەگەڵ کام چەشنی ئەم بیردۆزانە هاوبیر بین، هەروەها پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە لە چ هەلومەرجێکدا ڕێگە بە دەوڵەت دەدرێت بۆ لەخشتەبردنی جیابوونەوە، هێز بەکار بێنێت. چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بەس

ئەم ڕاستییە کە گرووپێک کە هەوڵ بۆ جیابوونەوە دەدات مافی جیابوونەوەی نییە، ئەمە ناگەیەنێت کە دەوڵەت ڕێگەدراوە بۆ پێشگرتن لە جیابوونەوەی ئەو گرووپە، هانا بەرێتە بەر هێز. کەواتە، بیردۆزێکی ئەخلاقیی جیابوونەوە نابێ تەنیا بە داڕشتن، دەربڕین و داکۆکی لە شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوە بەرتەسک بکرێتەوە. بەڵکوو هەروەها پێویستە ڕوونکردنەوە و هەڵوێستی خۆی لەسەر مۆرالێتەی بەکارهێنانی هێز لە ململانێ و ناکۆکییەکانی پەیوەست بە جیابوونەوە دەربڕێت و ئەو هەڵوێستە دەبێ لەگەڵ ڕوانگەکەی لەمەڕ مافی جیابوونەوە گونجاو و یەکانگیر بێت.

٤. جیابوونەوە و فەلسەفەی یاسای نێونەتەوەیی

هێشتا خاڵێکی تر هەیە کە پێویستە لە بیردۆزی جیابوونەوەدا ڕەچاو بکردرێت و بگونجێندرێت: هەروەک پێشتر گوترا، لێکەوتەکانی هەر چەشنە بیردۆزێک بۆ یاسای نێونەتەوەیی لە پەیوەندی لەگەڵ جیابوونەوەدا پێویستە ڕوون و شی بکرێنەوە. و بە ئەگەری زۆر ڕوونکردنەوەیەک لەسەر مۆرالێتەی جیابوونەوە دەبێ کۆمەڵە ڕێنوێنییەک بۆ دیاریکردنی ئەو بابەتە بدات بە دەستەوە کە یاسای نێونەتەوەیی پێویستە چ هەڵوێستێک لە پەیوەندی لەگەڵ جیابوونەوەدا بگرێت. لەم بەشەدا بەکورتی پەیوەندیی نێوان ڕوانگەکان سەبارەت بە (داوا-)مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە و ئەم پرسیارە کە یاسای نێونەتەوەیی دەبێ چ هەڵوێستێک لەمەڕ جیابوونەوەی یەکلایەنە بگرێت تاوتوێ دەکەین.

کەموکوڕی و کەمایەسییەکانی یاسای نێونەتەوەیی ئێستا لەمەڕ جیابوونەوە بزوێنەری پرۆژەی گەشەدانی نەخشەڕێگا و پلانگەلی بنەمایی بۆ چاکسازییە. لە ئێستادا، یاسای نێونەتەوەیی تەنیا قایل بە چوارچێوەیەکی زۆر بەرتەسک بۆ ئەو هەلومەرجانەیە کە تێیدا بکرێت مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە وەک مافێکی یاسایی نێونەتەوەیی بوونی هەبێت، لەوانە، کاتێک گرووپێک دەکەوێتە ژێر حوکم و دەسەڵاتی کۆلۆنیالی، یان دەبێتە قوربانیی داگیرکارییەکی نایاسایی لە لایەن یەکەیەکی دەرەکییەوە، یاخود دەکەوێتە ژێر حوکمی ڕژێمێکی لە چەشنی ئەپارتاید. گرفتی ئەم تێگەیەی مافی یاسایی نێونەتەوەیی بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە ئەمەیە کە لە کاتێکدا کە بەڕوونی ئەم ئایدیایە بەرجەستە دەکاتەوە کە نادادپەروەریی ڕژد و بەردەوام دەتوانێت مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بە دوای خۆیدا بێنێت، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو نادادپەروەرییانەی کە بەرهەمهێنەری وەها مافێکن سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە.

کێشەیەکی تر ئەوەیە کە لە کاتێکدا کە دۆکترینی یاسایی نێونەتەوەیی تێگەیشتنێکی هەڕەمەکییانە بەرتەسککراوی لەو ڕەوش و بارودۆخانە هەیە کە بەرهەمهێنەری مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەن، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی یاسایی نێونەتەوەیی گرنگ هەن کە تێیانـدا بەڕوونی ئاماژە بە تێگەی گەلێک بەربڵاوتری «مافی چارەیخۆنووسینی هەموو گەلان» کراوە، و گوتراوە کە مافی ئیختیارکردنی سەربەخۆیی تەواو، واتە مافی جیابوونەوە ژی دەگرێتەوە.[١٠] ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن لە ئەرکی سەرەکیی بیردۆزێکی ئەخلاقیی یاسـای نێونەتەوەیی لەمەڕ جیابوونـەوە ئەوەیە کە دەبێ بنەمایەکـی لۆژیکی و بەڵگێنراو بۆ سـڕینەوەی ئەم بەرتەسککردنەوە و سـنووردارکردنەوە هەڕەمەکییە بدات بە دەستەوە کە وەک خاڵێکی نەرێنی لە یاسای ئێستادا بوونی هەیە، و لە هەمان کاتدا پێش بەو بیرۆکەیە کە بە شێوەیەکی مەترسیدار پەرە دەسێنێت بگرێت کە هەموو «گەلان» مافیان هەیە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، لە جیهانێکدا کە کەم تا زۆر هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئێسـتا هەن زۆرتر لە «گەلێک» لە خۆ دەگرن، لە جیهانێکدا کە چەند «گەلێک» داوای خاوەندارێتیی یەک سـەرزەمین و خـاک دەکەن، و لە جیهانێکدا کە هیچ بنەما یان میکانیزمێکی ڕێکخراوەیی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری ئەم داوا دژیەکانە نییە.

بژاردەیەکی گرنگ بۆ داڕێژەرانی بیردۆزی یاسای نێونەتەوەیی لەمەڕ جیابوونەوە ڕەچاوکردنی بوار و بەسـتێنی مافەکە خۆیەتی. بەپێی ڕوانگەیەک، یاسای نێونەتەوەیی دەبێ بەسانایی، لە حاڵەتی هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا کە لە بیردۆزەکەدا پێناسـە و دیاری کرابن، مافـی گرووپێک بۆ هەبوونی دەوڵەتی خۆی بەفەرمی بناسـێت. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، یاسـای نێونەتەوەیی دەبێ جیاوازی دانێت لە نێوان (١) ئـەو هەلومەرجانەی کە تێیانـدا گرووپێک دەبێ مافی ئەوەی پێ ببەخشرێت کە نکۆڵی لە دەسـەڵاتی یاسـایی دەوڵەت بەسـەر بەشـێک لە خاکی دەوڵەتەکەدا بکات و لێی دەرچێت و هەوڵ بۆ بونیاتنانی کۆنترۆڵ و دەسـەڵاتی خۆی لەو خاکەدا بدات و (٢) ئەو هەلومەرجانەی کە تێیاندا یاسای نێونەتەوەیی دەبێ یەکـەی جیابوونەوەخوازان وەک دەوڵەتێکی ڕەوا بەفەرمی بناسـێت و دانی پێدا بنێت، بە هەموو مافەکان، پاریزراوییەکان، بەرژەوەندی و هەڤیازییەکان، و هەموو دەروەستییەکانی کە ئەمە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو بژاردەیە بە سـەرنجدان لە نموونەیەک سـەبارەت بـە ڕوانین و ڕێبازێکی بەس مافی چارەسـەری بۆ پلان و پێشنیارگەلی چاکسازی لە یاسای نێونەتەوەیی لەمەڕ جیابوونەوە باشتر دەردەکەوێـت و فام دەکرێت. بۆ سـاکارکردنەوەی بابەتەکـە، وای دانێن کە ئەو بیـردۆزی بەس مافی

چارەسەرییەی قسەی لەسەر دەکەین تەنیا پێشێلکاریی بەردەوام و لە ئاستی بەربڵاوی مافە بنەڕەتییەکانی مـرۆڤ وەک ڕێخۆشـکەر و بنەمای مافی جیابوونـەوەی یەکلایەنە بەفەرمی دەناسـێت، و گریمان کە گرووپی G کەوتووەتە بەر وەها پێشـێلکاریگەلێک. بەپێی ڕوانگەی یەکەم، پێشنیارەکە ئەمەیە کە گەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ دواپین ڕێچارە بێت لە بەرانبەر پێشێلکاریی بەردەوام و لە ئاستی بەربڵاوی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی ئەندامانی گرووپی G، یاسای نێونەتەوەیی دەبێ بەسادەیی دان بەمەدا بنێت کە گرووپی G مافی بوون بە خاوەنی دەوڵەتی ڕەوای خۆی هەیە، کە بەو واتایەیە کە دەوڵەتانی تر پێویسـتە دان بـەم یەکە نوێیەدا بنێن وەک یەکەیەکی خاوەن و هەڵگـری هەموو ئەو ماف، هەڤیازی، پارێزراوی، دەسـەڵات و دەروەسـتییانە کە ئەم دۆزە نوێیە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت و پێی دەبەخشێت. بە گوێرەی ڕوانگەی دووەم، دوو پرسـیاری جیاواز بوونی هەیە کە یاسـای نێونەتەوەیی جیابوونەوە دەبێ بپەرژێتە سەری: یەکەم، گەلۆ پێشێلکاریی بەردەوام و لە ئاستی بەربڵاوی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەسەر گرووپی Gدا داسـەپاوە؟ و دووەم، گەلۆ گرووپی G مەرجەکانی پێویسـت بۆ ڕەوایی بەفەرمیناسرانی تێدایە، ئەو مەرجانەی بۆ بەفەرمیناسران وەک دەوڵەتێکی ڕەوا پێویستن؟ ڕوانگەی دووەم لەسەر ئەو بۆچوونەیە کە ئەگەرچی ئەوەی کە ئەو گرووپە بووبێتە ئامانجی پێشـێلکاریی بەردەوام و بەربڵاوی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بۆ بەفەرمیناسینی مافەکەی بۆ نکۆڵیکردن و دەرچوون لە دەسەڵاتی یاسایی دەوڵەتی زاڵ و هەوڵ بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی تەواو و سەرومڕە، بەڵام بەر لەوەی یاسای نێونەتەوەیی ئەم یەکە نوێیە وەک دەوڵەتێکی ڕەوا بەفەرمی بناسێت شتێکی تر و هەنگاوی زیاتر پێویستە؛ بەتایبەتی، دەوڵەتی نـوێ دەبێ دڵنیایی و گەرەنتیی باوەڕپێکـراو و جێی متمانە بدات کە ڕێز لـە مافەکانی کەمایەتییەکانی ناوخۆی خاکەکەی دەگرێت.

گرێدان و بەستنەوەی بەفەرمیناسینی بەدەوڵەتبوونی ڕەوا بەم شێوەیە بە هێنانەدی مەرجە سەرەکییەکانی دادپەروەری، لەگەڵ ڕێباز و ڕێچکەی بیردۆزی بەس مافی چارەسـەری بۆ جیابوونەوە یەک دەگرێتەوە، کە ڕێزگرتن لەو دەوڵەتانەی ڕێز لە مافەکان دەگرن دەگرێتە خۆ. بەڵام، بێ گوێدان بەوەی کە کام بیردۆزی مافی جیابوونەوە قبووڵ دەکرێت و دەگیرێتە بەر، بۆ جیاوازیدانان لە نێوان *مافی جیابوونەوە* (کە وەک مافی ڕەتکردنەوە و دەرچوون لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر بەشێک لە خاکەکەیدا و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لەوێدا فام دەکردرێت) و *مافی بەفەرمیناسران وەک دەوڵەتێکی ڕەوا*، گەلێک بابەت بۆ گوتن و خستنەبەرباس لە ئارادایە. ئەو یەکە نوێیانەی لە ڕێگەی جیابوونەوەوە چێ بوونە، زۆربەی کات بەهۆی ئەو بەرژەوەندییانەی دەسـتیان دەکەوێت، تامەزرۆ و سوورن کە ڕەواییان بەفەرمی بناسرێت، لەو

بەرژەوەندییانە دەتوانین ئاماژە بدەین بە دەستپێڕاگەیشتن بە سیستەمگەلی بازرگانی و ئاڵووێڕی دڵخواز، قەرز و ئیعتباراتی بانکی لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی پارە، و دەرفەتی بەشداریکردن وەک ئەندامێکی هاوسەنگ و هاوتا لەگەڵ دەوڵەتانی تر لە دارشتن و دانانی یاسای نێونەتەوەییدا. لێک هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ئەوەی کە گرووپێک مافی جیابوونەوەی هەیە (بۆ ڕەتکردنەوە و دەرچوون لە دەسەڵاتی یاسایی دەوڵەت و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی) و ئەوەی کە مافی بەفەرمیناسران وەک دەوڵەتێکی ڕەوای هەیە، ڕێگە بە سیستەمی یاسایی نێونەتەوەیی دەدات کە مەرجگەلی نۆرماتیڤ بەسەر بەفەرمیناسین لە هەلومەرجێکدا بسەپێنێت کە تێیدا دەوڵەتگەلی نوێ هاندەر و بزوێنەری بەهێزیان بۆ هێنانەدی ئەو مەرجانە هەیە.

بیردۆزێکی فەلسەفیی تەواو گەشەسەندوو سەبارەت بەوەی کە یاسای نێونەتەوەیی جیابوونەوە دەبێ بە چ شێوەیەک بێت ئێجگار ئاڵۆز و بەرزەفڕانە دەبێت. ئەم بیردۆزە نەتەنێ دەبێ پەیوەندیی نێوان مافی جیابوونەوە و مافی بەفەرمیناسران ڕوون بکاتەوە و لەسەری بدوێت، بەڵکوو دەبێ بیردۆزێکی دەستێوەردانی پاساودراو بۆ پاڵپشتی و لایەنگری لە یاخود بە دژی جیابوونەوە لە خۆ بگرێت کە لەگەڵ هەڵوێستێکی گشتیتر سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕەوای هێز لە دەرەوەی سنووری کانگیر بێت و بگونجێت.

۵. دەرەنجام

کار و تۆێژینەوەی فەلسەفی لەسەر جیابوونەوە لە سێ دەستەدا جێ دەگرێت: (۱) هەوڵ بۆ داهێنان و دارشتنی شرۆڤە و شیکارییەک لەسەر مافی ئەخلاقیی جیابوونەوە (کە یان وەک داوا-مافێک یان تەنێ وەک ئازادییەک فام دەکرێت)، (۲) لێکۆڵینەوە و تاوتوێی گونجان یان نەگونجانی جیابوونەوە لەگەڵ دەستووریاوەڕی، و (۳) هەوڵ بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە یاسای نێونەتەوەیی دەبێ چ هەڵوێستێک سەبارەت بە جیابوونەوە بگرێتە بەر. لە هەرکام لەم بوارانەی لێکۆڵینەوەدا، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، تۆێژینەوە لە پرسگرێکە ئەخلاقییەکانی جیابوونەوە دەلاقەیەکی بەهێز دەدات بە دەستەوە کە لە ڕێگەیەوە بتوانین هەندێ لە گرنگترین پرسگرێکەکانی بیردۆزی ئەخلاقی-سیاسی تاوتوێ و شەنوکەو بکەین، یەک لەم پرسگرێکانە دەشێ بنگەهیترین پرسگرێک بێت: چ شتێک ئیدعای ڕەوای خاوەندارێتیی خاکەکەی بە دەوڵەتێک دەدات؟

ژێدەرەکان

Altman, Andrew and Christopher Heath Wellman, 2009, *A Liberal Theory of International Justice*, Oxford: Oxford University Press.

Brilmayer, Lea, 1991, "Secession and Self-Determination: A Territorial Interpretation", *Yale Journal of International Law*, 16: 177–202.

——, 2015, "Secession and the Two Types of Territorial Claims", *ILSA Journal of International and Comparative Law*, 21(2): 325–332.

Buchanan, Allen, 1991, *Secession: The Legitimacy of Political Divorce From Fort Sumter to Lithuania and Quebec*, Boulder: Westview Press.

——, 1997, "Theories of Secession", *Philosophy & Public Affairs*, 26(1): 31–61. doi:10.1111/j.1088-4963.1997.tb00049.x

——, 1998a, "Democracy and Secession", in Moore 1998b: 14–30. doi:10.1093/0198293844.003.0002

——, 1998b, "What's So Special About Nations?", in Jocelyne Couture, Kai Nielsen, and Michel Seymour (eds.), *Rethinking Nationalism*, Calgary: University of Calgary Press.

——, 2002, "Political Legitimacy and Democracy", *Ethics*, 112(4): 689–719. doi:10.1086/340313

——, 2004, *Justice, Legitimacy, and Self-Determination: Moral Foundations for International Law*, Oxford: Oxford University Press. doi:10.1093/0198295359.001.0001

——, 2006, "Uncoupling Secession from Nationalism and Intrastate Autonomy", in *Negotiating Self-Determination*, Hurst Hannum and Eileen F. Babbitt (eds), Lanham, MD: Lexington Books.

——, 2013, *The Heart of Human Rights*, Oxford: Oxford University Press. doi:10.1093/acprof:oso/9780199325382.001.0001

Catala, Amandine, 2013, "Remedial Theories of Secession and Territorial Justification", *Journal of Social Philosophy*, 44(1): 74–94. doi:10.1111/josp.12011

——, 2015, "Secession and Annexation: The Case of Crimea", *German Law Journal*, 16(3): 581–607.

——, 2017, "Secession and Distributive Justice", *Philosophical Studies*, 174(2):

529–552. doi:10.1007/s11098-016-0695-2

Cavallero, Eric, 2003, “Popular Sovereignty and the Law of Peoples”, *Legal Theory*, 9(3): 181–200. doi:10.1017/S1352325203000089

——, 2017, “Value Individualism and the Popular-Choice Theory of Secession”, *Social Theory and Practice*, 43(1): 125–153. doi:10.5840/soctheorpract20174316

Copp, David, 1998, “International Law and Morality in the Theory of Secession”, *The Journal of Ethics*, 2(3): 219–245.

Gans, Chaim, 2003, *The Limits of Nationalism*, Cambridge: Cambridge University Press.

Gellner, Ernest, 2008, *Nations and Nationalism*, Ithaca: Cornell University Press.

Hirschman, Albert O., 1970, *Exit, Voice, and Loyalty*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Kolers, Avery, 2009, *Land, Conflict, and Justice: A Political Theory of Territory*, Cambridge: Cambridge University Press.

Meisels, Tamar, 2009, *Territorial Rights*, second edition, Berlin: Springer.

Mill, John Stuart, [1861] 1991, *Considerations on Representative Government*, New York: Prometheus Books.

Miller, David, 1995, *On Nationality*, New York: Clarendon Press. doi:10.1093/0198293569.001.0001

——, 1997, “Secession and the Principle of Nationality”, *Canadian Journal of Philosophy* (Supplement), 26: 261–282.

Moore, Margaret, 1998a, “Introduction”, in Moore 1998b: 1–13. doi:10.1093/0198293844.003.0001

——, 1998b, *National Self-Determination and Secession*, Margaret Moore (ed.), Oxford: Oxford University Press. doi:10.1093/0198293844.001.0001

——, 2000, “The Ethics of Secession and a Normative Theory of Nationalism”, *The Canadian Journal of Law and Jurisprudence*, 13(2): 225–250.

Nine, Cara, 2012, *Global Justice and Territory*, Oxford: Oxford University Press. doi:10.1093/acprof:oso/9780199580217.001.0001

Norman, Wayne, 2003, “Domesticating Secession”, in Steven Macedo and Allen Buchanan (eds.), *Secession and Self-Determination* (NOMOS XLV), New York: New York University Press.

——, 2006, *Negotiating Nationalism: Nation-Building, Federalism, and Secession in the Multinational State*, Oxford: Oxford University Press. doi:10.1093/0198293356.001.0001

Philpott, Daniel, 1995, “A Defense of Self-Determination”, *Ethics*, 105(2): 352–85. doi:10.1086/293704

Stilz, Anna, 2019, *Territorial Sovereignty*, New York: Oxford University Press.

Sunstein, Cass, 1991, “Constitutionalism and Secession”, *University of Chicago Law Review*, 58(2): 633–70.

Wellman, Christopher Heath, 2005, *A Theory of Secession: The Case for Political Self-Determination*, Cambridge: Cambridge University Press.

ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت

- The Liechtenstein Institute on Self-Determination, Princeton University,

[دەتوانن لەم مالپەڕەدا بەستەری گەلێک ناوەندی ئەکادیمی، بنکەی هزرین، دامەزراوەی نێونەتەوەیی، ناوەنـدی حکوومی، ڕێکخراوەی ناحکوومی، گۆڤار و دامـەزراوەی هەواڵنێریی پەیوەندیدار بە بابەتی چارەیخۆنووسین و جیابوونەوە بدۆزنەوە.]

تێبینییەکان

1. *Reference re Secession of Quebec.* 1998. 2 S.C.R.

٢. سونسـتاین لە نێوان مافی ڕاشـکاوی دەسـتووری بۆ جیابوونەوە لەگەڵ ڕێگەپێدانی دەسـتووری بۆ جیابوونەوە لە حاڵەتی نەبوونی مافێکی ڕاشکاوی دەستووری بۆ جیابوونەوە جیاوازی دانانێت، هەروەک دەکرێ جیابوونەوە لە ڕێگەی پیاچوونەوە و هەموارکردنەوەی دەستوور دەستەبەر ببێت.

3. *Reference re Secession of Quebec.* 1998. 2 S.C.R.

٤. هەستپێکردن بە پێویستیی دیاریکردنی هاندەرێک بۆ چوونە ناو دەوڵەتی نوێی ئیتۆپیا بە دابینکردنی بژاردەیەکی «هاتنەدەری باری تەنگەتاوی» دەشـێ هۆکاری ئەوە بووبێت کە حکوومەتی کاتیی ئیتۆپیا مافی جیابوونەوە لە هەردووکی بڕیارنامەی قۆناغی ڕاگواستن و دەستووری نوێی دوابەدوایدا بگونجێنێت

و جێی بکاتەوە. لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی دەستوور لە نیسانی ١٩٩٣دا کە تێیدا کۆمەڵێک لە توێژەران و زانایانی تر بەشدار بوون، من [بیوکانان] پێشنیارم بە حکوومەتی کاتی کرد کە گەر ئەوان بڕیاریان دا لە دەستووری نوێدا مافی جیابوونەوە جێ بکەنەوە، ئەم مافە سنووردار بکاتەوە و بیبەستێتەوە بە مەرجگەلی تر. ئەوان بەو شێوازەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا ئەم کارەیان کرد.

٥. ئەم بەشە لە Buchanan 2006 وەرگیراوە.

٦. گرنگە جەخت بکەینەوە کە بیردۆزەکانی بەس مافی چارەسەری تەنیا پەیوەستن بە بابەتی بەستێنەکانی مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە؛ ئەم بیردۆزانە دەتوانن ئەمە پشتڕاست بکەنەوە کە حاڵەتگەلی جیابوونەوەی بەپێی ڕەزامەندیی دوولایەنە لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕێگەپێدراون.

٧. هەردوو جۆرەکەی بیردۆزی مافی سەرەتایی بوار بەم ئەگەرە دەدەن کە نادادپەروەری ڕێگە بۆ چەشنێک لە پاساودان بە (داوا-مافی) جیابوونەوەی یەکلایەنە خۆش دەکات. ئەم دوو جۆرە وەک ڕێچارەیەک بۆ نادادپەروەری ڕێگە بە جیابوونەوەی یەکلایەنە دەدەن، وەلێ ئەمە ڕەت دەکەنەوە کە نادادپەروەری تەنیا بەستێن و هۆکار بۆ (داوا-)مافی جیابوونەوەی یەکلایەنە بێت. ئەوان بیردۆزگەلی مافی سەرەتایین، نەک بیردۆزگەلی بەس مافی سەرەتایی.

٨. بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر چارەیخۆنووسینی نەتەوەیی و جیابوونەوە، بڕوانە Moore 1998b.

٩. ئەم پاراگرافە و پاراگرافی دوای ئەمە لە Buchanan 1998b وەرگیراون.

١٠. بڕیارنامەی ٢٦٢٥ (XXV)ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشکۆ، ڕاگەیەنراوی بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی سەبارەت بە پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بە گوێرەی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، تۆمار و بەڵگە فەرمییەکانی کۆڕی گشتی:

Twenty-fifth Session, Suppl. No 8 (A/8028), p. 121; *United Nations Yearbook*, 1970, p. 788.

هەروەها

http://www.un-documents.net/a25r2625.htm